Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

10.24271/jgu.2023.1010017

# ڕۆڵی کردە قسەییەکان لە ڕازیکردندا

**یوسف شەریف سەعید[1] ، هیوا ئەحمەد عەساف [2]**

1- بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین
2-بەشی زمانی کوردی،کۆلێژی پەروەردە- شەقڵاوە، زانکۆی سەلاحەددین

**پوختە**

بە شێوەیەکی گشتی مرۆڤ زمان بۆ باشترکردنی ژیانی و لە بەرژەوەندیی خۆیدا بەکاردێنێت. بەهۆی زمانەوەوە دەیەوێت کاریگەرییەکی کرداری لە سەر بەرامبەر و لە کەتوار(واقع)دا بێنێتەئاراوە. ئەم کاریگەرییەش ئەوو پاشکارەیە، کە بەهۆی کردە قسەییە جیاوازەکانەوە دەکەوێتەوە. یەکێك لەو مەبەستە سوودخوازییە سەرەکییانەی بەکارهێنانی زمان، ڕازیکردنی بەرامبەر و دەستبەسەرداگرتنی بیرکردنەوە و ڕەفتاریەتی، بۆیە کۆمەڵێك میکانیزم و گەمەی زمانیی جیاواز بۆ ڕازیکردنی بەرامبەر بەکاردەهێنێت. ئەم توێژینەوەیە تایبەتە بە ڕۆڵی کردە قسەییەکان لە ڕازیکردندا. توێژینەوەکە لە دوو تەوەری سەرەکی پێکدێت. لە تەوەری یەکەمدا باس لە پراگماتیکی زمان و تیۆری کردە قسەییەکان و ئامانجی کردەکان کراوە. لە تەوەری دووەمدا باس لە ڕۆڵی کردە قسەییە جیاوازەکان لە ڕازیکردنی بەرامبەردا کراوە. بەتایبەتی لە چوارچێوەی بابەتی (مەیلگۆڕین- کاپیتیشن)دا ڕۆڵ و میکانیزمی کارکردنی چەند کردەیەکی قسەیی جیاواز لە ڕازیکردنی بەرامبەردا باسکراوە.

***Article Info***

Received: January, 2022

Revised: February, 2023

Accepted: April, 2023

***Keywords***

پراگماتیزم، کردە قسەییەکان، پاشکار، ڕازیکردن، مەیلگۆڕین

***Corresponding Author***

## پێشەکی

ناونیشانی توێژینەوە و بواری توێژینەوە: توێژینەوەکە بە ناونیشانی (ڕۆڵی کردە قسەییەکان لە ڕازیکردندا) ئەنجامدراوە. تیایدا باس لە ڕۆڵی چەند کردەیەکی قسەیی لە ڕازیکردندا کراوە. توێژینەوەکە دەچێتە بواری پراگماتیك و تیۆری قسەییەکانەوە.

ڕێبازی توێژینەوە: توێژینەوەکە بە ڕێبازی وەسفیی شیکاری ئەنجامدراوە.

پرسیاری توێژینەوە: توێژینەوەکە بە دوای وەڵامی ئەوە پرسیارەوەیە، کە ئایا پەیوەندیی چییە لە نێوان کردە قسەییەکان و هەوڵ و میکانیزمی جیاوازی زمانی بۆ ڕازیکردنی بەرامبەر؟ ئایا ڕازیکردن کردەیە؟ ئایا کردەی قسەیی چۆن بێت، دەتوانێت پاشکاری (ڕازیبوون) لای وەرگر بخاتەوە؟

گریمانەی توێژینەوە: توێژینەوەکە گریمانەی ئەوە دەکات، کە کۆمەڵێك کردەی قسەیی هەیە، ئەو میکانیزم و هونەرانەی ئاخاوتن لەخۆیانبگرن، کە کاریگەرییان لە سەر هەست و سۆزی وەرگر هەیە و بۆ ڕازیکردن کاریگەرن.

گرنگی و ئامانجی توێژینەوە: گرنگیی کارەکە لەوەدایە تیۆری کردە قسەییەکان بە ڕەهەندی دەروونیی زمان دەبەستێتەوە. ئامانجی توێژنەوەکە ئەوەیە میکانیزمەکانی شێوازی ڕازیکەرانەی زمان و، چەند کردەیەکی قسەیی کاریگەر بۆ ڕازیکردن دیاریبکات.

بەشەکانی توێژینەوە: ئەم توێژینەوەیە لە دوو تەوەری سەرەکی پێکدێت. لە تەوەری یەکەمدا باس لە پراگماتیکی زمان و تیۆری کردە قسەییەکان و ئامانجی کردەکان کراوە. لە تەوەری دووەمدا باس لە پەیوەندیی کردە قسەییەکان بە ڕازیکردن و، لە چوارچێوەی بابەتی (مەیلگۆڕین- کاپیتشن) باس لە چەند کردەیەکی قسەیی کراوە، کە دەبن بە (مەیلگۆڕین) و کاریگەرییان لە سەر جوڵاندنی هەست و سۆزی وەرگر هەیە و دەتوانن پاشکاری (ڕازیبوون) بخەوە. لە کۆتاییدا ئەنجامەکان، پاراوێزەکان، لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتەڕوو.

تەوەری یەکەم: پراگماتیکی زمان و تیۆری کردە قسەییەکان

پراگماتیکی زمان:

کردە قسەییەکان بابەتێکی سەرەکیی پراگماتیکە.
پراگماتیك لە ڕەهەندیی کردارەکیی زمان دەکۆڵێتەوە لە دۆخی بەکارهێناندا. پراگماتیك هێڵە گشتییەکانی کارکردنی لە فەلسەفەی پراگماتیزمەوە وەرگرتووە(محمود عكاشة، 2013، ص4). بەپێی فەلسەفەی پراگماتیزم حەقیقەتی تەواو ئەو بیرەیە، سود و بەرژەوەندیی مرۆڤ بپارێزێت، زامنی پرۆژەیەکی کاربێت بۆ ئامانجێك لە داهاتوودا، کە ببێتە هۆی گەشەکردنی تاك و کۆمەڵگا. ئەمەش لە ڕێگای ئەو دەرئەنجامەی لێی دەکەوێتەوە و پەیوەستە بە ژیانی کردارەکیی و کەتواریی مرۆڤ. هەر بیرۆکەیەك دەستەبەری سود و بەرژەوەندیی مرۆڤ نەکات و سودی بۆ ژیانی کردارەکیی ڕۆژانەی مرۆڤ نەبێت، ئەوە بە حەقیقەت دانانرێت(جميل حمداوي، 2015، ص5). لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا زمان ئەو بیرە حەقیقییە دەگەیەنێت، کە فەلەسەفەی پراگماتیزم بانگەشەی بۆ دەکات؟ ئەگەر بەڵێ، کەواتە زمان هەمیشە برەو بەو بیرانە دەدات، کە پرۆژەی کارن و کاریگەریی بەسودیان لە بەرژەوەندیی نێرەر دەبێت .

مرۆڤ بوونەرێکی سوودخوازە و گوفتار و کردارەکانی بەرجەستەکردنی ئەو سروشتەین(بڕوانە: هیوا ئەحمەد، 2013). فەیلەسوفی پراگماتیزم (جۆن دیوی)یش زمانی بە ئامراز داناوە(DEWEY, 1910, P170) و هەموو ئامرازێکیش لە پێناوی ڕێکخستنی ژیان و کۆمەڵگایە و، ئامانج لە داهێنان و بەکارهێنانیان، بەرژەوەندی و قازانجە. بۆیە ئاسایی مرۆڤ لە پێناوی خزمەتکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆی و، وەك هەر ئامرازێکی تر، زمانی داهێناوە(ئەگەر زمان مرۆڤکردبێت)، یان پەرەیپێداوە و کردوویەتی بە ئامرازی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی(ئەگەرچی خۆیشی داینەهێنابێت).

دوای پەیدابوونی زمان وەك تایبەتمەندییەکی مرۆڤ، قۆناغی پەرەسەندن و فراوانبوونی زمان دێتەئاراوە. (شلایشەر) پێیوایە زمان وەك هەر بوونەوەرێکی ئۆرگانی، بە تێپەڕبوونی کات پەیدادەبێت و گەشەدەکات و دەمرێت(هادي نهر، 2009، ص19). لەدایکبوونی زمان بە هۆی گۆڕانی زمان و دروستبوونی جیاوازییەوەیە، پاڵنەری ئەوانەش ویستی بەرژەوەندیخوازیی مرۆڤە(بڕوانە: هیوائەحمەد، 2013، ل61- 71). مردنی زمانیش، جگە لە مردنی بەکۆمەڵی خاوەن زمان بە هۆی نەخۆشییەوە، بە هۆی لەناوبردنی جەستەیی میللەتان و زاڵبوونی کلتوور و زمانی میللەتێکەوە بە سەر میللەتێکی تردا ڕوودەدات(بڕوانە: دیفید کریستال، 2006، ص122- 153)، ئەو ویستەی مرۆڤ بۆ لەناوبردن و زاڵبوون، هەر ویستی سوودخوازیی میللەتی زاڵی لەپشتە .

هالیدای پێی وایە ئەرکی زمان بریتییە لە بەجێگەیاندنی چالاکیی کۆمەڵایەتی بۆ پڕکردنەوەی ئارەزووەکان و بەدەستخستنی پێویستییەکان. ئەرکەکانی زمان هیچی تر نییە، جگە لەو ڕێگا جیاوازانەیەی، کە خەڵك بەکاریاندێنن بۆ گەیشتن بە کۆمەڵێك ئامانجی جیاواز و مەبەستی دیاریکراو(محمود أحمد، 2001، ص133-134). کریستاڵ تایبەتمەندییەکانی زمان بە (جادوویی) یان (بەسوود) یان (گرنگ) دادەنێت(دیفید کریستال، 2006، ص99). بە هۆی ئەم سوود و گرنگییەوە، زمان هەمیشە ئامرازێکی گرنگی ژیانی کۆمەڵایەتیی مرۆڤبووە و ئەگەر بە شێوەیەکی سادەش بووبێت، گریمانەی ئەوە دەکرێت، مرۆڤ هەمیشە ئەو ئامرازەی هەبووبێت و ((وێناکردنی سەردەمێك ئەستەمە، کە مرۆڤ نەیتوانیبێت قسەبکات))(حسێن یەعقوبی،2007، ل5)، چونکە پەیوەندیکردن یەکێکە لە غەریزەکانی مرۆڤ، تەنانەت (ڕێفێز) باوەڕی وایە ((زمان لە ئەنجامی ئەو غەریزە بەتینەوە دروستبووە، کە مرۆڤ هەیەتی بۆ پەیوەندیکردن))(موحەمەد مەعروف،2010، ل18). ئەمەش لە پێناوی هەرەوەزی و هاوبەشی و پاشان خۆشبەختی، چونکە ((خۆشبەختی زیاتر بە هۆی بوونی هاوبەشییەوەیە))(وێل دیورانت:؟: 164). زمان بە جۆرێك تێکەڵی ژیانمان بووە، کە ناتوانین دەستبەرداری بین، بەجۆرێك ((ئەگەر زمان لە کۆمەڵگا وەربگرینەوە چەرخی ژیان بە تەواوی لە جوڵە دەوەستێت و ژیان دەگەڕێتەوە بۆ ژیانی ملیۆنان ساڵ لەمەوبەر))(محەمەد باتنی،2012، ل 12).

بە کاریگەریی سروشتی سودخوازیی لە ڕەفتار و لە بیرکردنەوە، مرۆڤ لە بەکارهێنانی زماندا هەرچییەك بڵێت، وەك هەر ڕەفتارێکی تری، لە پێناوی بەرژەوەندییەکانی خۆیدایە، چونکە زمان ڕەفتارە و ڕەفتاریش بیرکردنەوە بەرجەستەدەکات. بەپێی تیۆری کردە قسەییەکانیش (هەموو گوتنێك بۆ ئەنجامدانی نیاز و مەبەستی نێرەرە)(موحەمەد مەعروف، 2011، ل207). فەیلەسوفی پراگماتیزم (ولیەم جێمس) باوەڕی وایە، کە گشتیترین یاسا لە دەروونناسیدا بریتییە لە یاسای سوود یاخود بەرژەوەندی (المنفعة). کردەوە خۆبەخۆکانمان بە شێوەیەك ڕێکخراون، لە بەرژەوەندیی ئێمەدابن، ناوەندە باڵاکانی مێشکیش لە وەڵامدانەوەیان بۆ کارتێکەرەکان بە هەمان شێوەن(یوسف کەرەم، 2017، ل537). سەبارەت بە ڕەفتاری زمانیش، مرۆڤ لە بێدەنگیدا دەمێنێتەوە، تا ئەو کاتەی هۆکارێك بێدەنگییەکەی دەشکێنێت. بەپێی بۆچوونی دەروونناسە ڕەوشتکارەکان ئەو هۆکارەش (کارتێکەر، وروژێنەر)ە. واتە ئەو کارتێکەرە دەبێتە هۆی (کاردانەوە، وەڵامدانەوە)یەکی دەنگی(زمانی)(محمد حسن، 1990، ص87). بەم پێیە وەڵامی کارتێکەرەکان، کە لە زماندا بەرجەستەدەبن، بە پێی ئەو ویستە سوودخوازییە دەبێت.

(بارك وتراگەر) لە پێناسەی زماندا دەڵێن ((زمان بریتییە لە چەند ڕەمزێکی لەخۆوە، کە بە هۆیەوە کۆمەڵ دەتوانێت هەرەوەزی بکات))(محەمەد مەعروف، 2011، ل11). واتە زمان ئامرازی کۆکردنەوەی مرۆڤ و بەستنەوە و خستنەسەریەکی تواناکانە، لە پێناوی خودی مرۆڤ و باشترکردنی ژیانی خۆی و ڕێکخستن و پێشخستنی کۆمەڵگا. ئامانجی پێکەوەژیان لای مرۆڤ، هاوکاریکردنی یەکتر و بوونی پەیوەندییە. ئامرازی سەرەکیی پەیوەندیکردنیش زمانە، بۆیە ئامانجی بەگەڕخستنی زمان، پڕکردنەوەی پێویستییە و هەمیشە مەبەستێکی سوودخوازیی لەپشتە. بۆیە بە باوەڕی ئۆستن و هاوبیرانی، زمان تەنیا ئامراز و هۆکاری قسەکردن و تێگەیشتن نییە، بەڵکو زمان هۆکارێکە بۆ کارتێکردنی جیهان و گۆڕینی ڕەفتاری مرۆڤ(اوستین، 1991، ص6). هەروەها (ڤیتگنشتاین) پێیوایە ئامانجی زمان و ئەو واتایەی هەڵیگرتووە، بەرجەستەکردنی کاریگەریی کردارەکییە لە سەر ئەوانی تر. بە پێ

زمان ناتوانین کار لەوانی تر بکەین(امنة لعور، 2011، ص38). بەمەش زمان بەگشتی، هەمیشە هەڵگری گوتاری بەکارهێنەرانیەتی و، جگە لە گەیاندنی بیر و هەڵچوونەکان، ئەرکی کرداری لە کەتواردا بەجێدەگەیەنێت. بەپێی ویستی بەکارهێنەرانی، گۆڕانکاریی کردارەکی پێ ئەنجامدەدرێت.

بەپێی ئەو بنەمایە، هەروەها بە هۆی ڕەفتاری خۆپەسندیی مرۆڤەوە، گریمانەی ئەوە دەکرێت، مرۆڤ هەرچۆنێك قسەبکات، هەمیشە خۆی (نێرەر) چەقی ئەو گۆڕانکاری و لێکەوتانە دەبێت، کە ئامانجیەتی قسەکەی لە کەتواردا بیخاتەوە. واتە لە هەرچییەك بدوێت، دەیەوێت ئەنجامەکەی بە قازانجی خۆی و بەرژەوەندییەکانی بشکێتەوە. بەم پێیە نێرەر زمان دەکات بە ئامرازێك لە ڕێی وەرگرەوە بۆ خزمەتی بەرژەوەندییەکانی خۆی بەکاریدەهێنێت. پاڵنەری قسەکردنیش هەر ئەوەیە.

لێرەدا پێویستە وەڵامی دوو پرسیار بدرێتەوە. یەکەم: چۆن پاسادانی ئەو گریمانەیە دەکرێت لە بەکارهێنانە جۆراوجۆرەکانی زماندا و ڕاستیی گریمانەکە دەردەخرێت؟ دووەم: ئەو شێواز و ڕێگا جیاوازانە چین و چۆنن، کە نێرەر بۆ خزمەتی بەرژەوەندییەکانی خۆی بەکاریاندەهێنێت؟ واتە مرۆڤ چۆن و بە چ شێوازێك لە بەرژەوەندیی خۆیدا دەدوێت؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە تیۆری (کردە قسەییەکان) وەردەگرین و گریمانەکەی لە سەر تاقیدەکەینەوە.

بەپێی فەلسەفەی پراگماتیزم زمان ئامرازێکی سوودبەخشی بیرکردنەوە و دروستکردنی کاریگەرییە لە کەتواردا، چونکە زمان گەیەنەری بیرۆکەیە و بیرۆکەش لای پراگماتیستەکان پرۆژەی کار و دروستکردنی کاریگەریی کەتوارییە. هەروەها (بەپێی تیۆری کردە قسەییەکان و بەپێی پراگماتیك لە ئاخاوتندا ئامانج ئەوەیە گۆڕانکارییەك لە باری گوێگردا بێتەئاراوە. هەروەها گۆڕانکاری لە بیرکردنەوە یان گۆڕانکاری لە هەڵوێست و ڕەفتاریدا ڕووبدات)(محمد مفتاح، 1989، ص55). تیۆری کردە قسەییەکان، کە یەکێکە لەو بوارانەی زمانەوانی، کاریگەریی فەلسەفەی پراگماتیزم بە ڕەوتی کارکردنییەوە دیارە، ئاخاوتن بە کردەی جیاواز و خاوەن کاریگەریی کرداری دادەنێت. لە ڕوانگەی تیۆری کردە قسەییەکانەوە زمان تەنیا هۆکاری پەیوەندی یان گەیاندنی بیرنییە، بەڵکو ئامرازی گۆڕینی جیهان و دروستکردنی ڕوداوەکانی جیهان و کارکردنە سەر جیهانە(مسعود صحراوي، 2005، ص11). واتە جەخت لەسەر ئەو ئەرکەی زمانە دەکاتەوە. لە کاتێکدا چەندین فەیلەسوف و زانا و زمانەوانی جیاواز ئەرکی جیاوازیان بۆ زمان دیاریکردووە، وەك (جاکۆبسن، ڕۆبۆڵ- Reboul، لیچ، پۆپەر- Popper، هالیدای ...هتد(بڕوانە: عبدالهادي بن ظافر، 2004، ص11- 17)، بەڵام کەسێکی وەك (ئۆستن) لە چوارچێوەی تیۆری کردە قسەییەکاندا ئەرکێکی تری بۆ زمان دیاریکرد، کە ئەرکی (دەستکەوت- الانجاز)ە. ئەرکی دەربڕینە زمانییەکان لە دیدی ئۆستنەوە خستنەڕووی وێنەی دروست یان شێواوی کەتوارێکی دیاریکراونییە، بەڵکو بنیادنانی کەتوارە بە هۆی خودی دەربڕینەکانەوە(عبدالهادي بن ظافر، 2004، ص18). لەلایەکی ترەوە، ئێمە تیشك دەخەینە سەر مەبەستی نێرەر لە بەگەڕخستنی زمان و کارکردنە سەر وەرگر، تیۆری کردە قسەییەکان بەشێکی گرنگی پراگماتیکە، پراگماتیك گرنگیی بە نێرەر و مەبەستەکانی دەدات. هەروەها لە پێناو گەیشتن بە نیازی نێرەر و مەبەستی گوتنەکەی، چاودێریی باری وەرگر دەکات و گرنگیی بە دەوروبەر و بارودۆخی دەرەکیی کردەی گەیاندن دەدات(باديس لهويمل، 2014، ص11).

### تیۆری کردە قسەییەکان

تیۆری کردە قسەییەکان یەکێکە لە بابەتە سەرەکییەکانی زانستی پراگماتیك. (لیڤنسۆن) بەوە پێناسەی پراگماتیك دەکات، کە لێکۆڵینەوەیە لە بنەڕەتی گوتاری زمان لەو ڕۆنان و مەبەستانە، یان ئەوەی پێی دەگوترێت کردە قسەییەکان. (ڤان دایك)یش دەڵێت پراگماتیك تایبەتە بە شیکردنەوەی کردە قسەییەکان و ئەرکی دەربڕینە زمانییەکان لە کردەکانی پەیوەندیکردندا(امنة لعور، 2011، ص26-27). ئۆستن خۆیشی بە یەکێك لە ڕابەرانی پراگماتیك دادەنرێت. پراگماتیك زانستی لێکۆڵینەوەیە لە واتای مەبەست. بە هۆی ئەوەی کردار و گوفتارەکانی مرۆڤ هەمیشە مەبەستی سوودی لەپشتە. بەم پێیە، کە بە پێوەری پراگماتیك سەیری کردە جیاوازەکانی قسە دەکەین، هەمیشە بەرکەوتنمان لەگەڵ مەبەستی سوودخوازیی مرۆڤدا دەبێت، چونکە (کردەکان هەوڵسوکەوتی کۆمەڵایەتین، نێرەر دەیەوێت بە کۆمەڵێك دەربڕینی تایبەت بەو مەبەستانە بگات، کە خۆی دەیەوێت)(مسعود صحراوي، 2005، ص10)، مەبەستەکانیش بەگشتی کۆمەڵێك لێکەوتەی کرداریی وان، کە خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی بکات. واتە نێرەر دەیەوێت لە ڕێگای کردەکانەوە گۆڕانکاریی کردەیی لە کەتواردا بە هۆی وەرگرەوە بێنێتەدی. تیۆری کردە قسەییەکان لە بەهای کرداریی قسە دەکۆڵێتەوە. بە پێی فەلسەفەی پراگماتیزمیش (بەهای هەر بیرۆبۆچوونێك بریتییە لە توانای ئەو بیروبۆچوونە بۆ گۆڕینی ڕەفتار و پاشان بنیادنانی کارێك لە سەر بنەمای ئەو بیروبۆچوونە)(علي عبدالهادي، 2008، ص147).

تیۆری کردە قسەییەکان چەند قۆناغێکی بڕیوە. لە پێناوی گرتنەوە(داپۆشین)ی هەموو جۆرەکانی ڕستە، هەوڵی جیاواز بۆ پۆلینکردنی کردەکان دراوە. لەگەڵ ئەوەشدا (جیاکردنەوە و ناسین و پۆلینکردنی کردە جیاوازەکان، یەکێکە لە کێشەکانی ئەم تیۆرە. ئەگەر لیستێك بۆ ئەو کارانە دروستبکەین، کە بۆ مەبەستی ڕەوانبێژی بەکاردێن، لەوانەیە زیاتر لە سەد کار بگرێتەوە. ئۆستن خۆی نزیکەی هەزار کار و گرێی لەم بابەتەی لە زمانی ئینگلیزیدا کۆکردووەتەوە)(قەیس کاکل، 1995، ل53). بەڵام ئۆستن بەشێوەیەکی گشتی کردەکانی دابەشی سەر پێنج پۆل کرد، کە هەریەك لەو پۆلانە چەندین کردەی هاوشێوە دەگرنەوە(دادەپۆشن). پۆلەکان دیاریکراون، بەڵام ئەو کردانەی دەکەونە ژێر ناوی هەر پۆلێکەوە کۆمەڵەی کراوەن و ژمارەیەکی دیارینەکراون. بە پێی تیۆرەکە مرۆڤ بە هۆی قسەی جیاوازەوە کۆمەڵێك کردەی جیاواز جێبەجێدەکات. جگە لە فۆرمە زمانییەکەی کردەکان، کۆمەڵێك لایەنی تر وەکو ئاواز، زمانی جەستە، یارمەتیدەرن بۆ بەجێگەیاندنی کردەکان. تەنانەت دەکرێت هەندێك کردە هەر بە هۆی زمانی جەستەوە

بەجێبگەیەنرێت. هەروەها شێوگی کار، بارودۆخی سینتاکسی، ئامرازەکان، دەوروبەر یامەتیدەرن بۆ دیاریکردنی مەبەستی گوتن، لە ئاراستەکردنی کردەکاندا(أوستین، 1991، ص91- 94). ئەو پۆلە کردانەی ئۆستن دیاریکردوون، ئەمانەن(قەیس کاکل، 1995، ل53- 56):

1- کردەکانی بڕیاردان(verdictives): ئەو کردانە دەگرێتەوە، کە پەیوەندییان بە توانا و شارەزایی نێرەرەوە هەیە، وەك بڕیادان، پۆلینکردن، پایەبەخشین، هەڵسەنگاندن، مەزەندەکردن، دانپیانان، دیاریکردن، پێناسەکردن، جیاکردنەوە، تەڵاقدان، ناولێنان، پێشکەشکردن، کردنەوە(افتتاح)، هەڵبژاردن ...هتد.

2- کردەکانی داخوازی(Exercitives): هەموو ئەوکردانە دەگرێتەوە، کە هێز و وزەی تێدا بەکاردێت. نێرەر بەسەر وەرگردا زاڵە و دەسەڵاتداردەبێت. وا لە وەرگر دەکات کارێك ئەنجامبدات، وەك فەرماندان، ئامۆژگاری، تکاکردن، داواکردن، ئاگادارکردنەوە، بانگکردن، ئیزندان، قەدەغەکردن ...هتد.

3- کردەکانی پەیوەست(پەیماندان)(commissives): ئەو کردانە دەگرێتەوە، کە پەیوەندییان بە خودی نێرەرەوە هەیە، خۆی بەرپرسیارە لە کردنی و کاردانەوەی کرداری لە وەرگردا نابێت[2]. وەك کردەکانی بەڵێندان، گفتدان، نەزرکردن، سوێندنخواردن، پەیماندان، گرەوکردن، تۆبەکردن، پەشیمانبوونەوە ...هتد.

4- کردەکانی ڕەفتار(Behabitives): هەموو ئەو کردانە دەگرێتەوە، کە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا بەکاردەهێنرێت و ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکان دەنوێنن، وەك سوپاسکردن، پیرۆزبایی، پیاهەڵدان، هاوسۆزی، زەمکردن، تووڕەبوون، لێبووردن، پۆزشهێنانەوە، سووککردن، هەستدەربڕین، خۆشحاڵبوون، نیگەرانبوون، گلەییکردن، قێزکردنەوە، تووکلێکردن، جوێندان، تفلێکردن(بە گوتن)، نەفرەتلێکردن، مژدەدان، ڕوولێنان، ڕیسواکردن ...هتد.

5- کردەکانی گفتوگۆ(ڕوونکردنەوە)(Expositives)[3]: هەموو ئەو کردانە دەگرێتەوە، کە لە کاتی قسەکردن بۆ ڕوونکردنەوەی قسەکان(بیروڕاکان) بەکاردێن، وەك سووربوون، بەبیرهێنانەوە، ترسان، پێشنیاز، یادکردنەوە، بەرپەرچدانەوە، گومان، دوودڵی، پێداگری، داکۆکیکردن، ڕازیبوون، پشتگیری، هاوڕابوون ...هتد.

بە بڕوای (سێرڵ)، ئۆستن نەیتوانی بەشێوەیەکی ورد پۆلینی کردەکان بکات، بۆیە سێرڵ پۆلینێکی تری خستەڕوو (ئاڤێستا کەمال، 2009، ل43). کە پۆلینەکە بەم جۆرەی خوارەوەیە(قەیس کاکل، 1995، ل56-59):

1- کردەکانی نواندن: بارێك دەنوێنن، وەك کردەکانی هەواڵگەیاندن، پاتکردنەوە، پێشبینیکردن، وەسفکردن ... هتد.

2- فەرماندان یان ڕێنماییکردن: هەوڵی نێرەرە بۆ ئەوەی وەرگر کارێك ئەنجامبدات، وەك کردەکانی فەرماندان، داواکردن، پاڕانەوە، ئامۆژگاریکردن ...هتد.

3- پەیوەستبوون: نێرەر خۆی بە بەڵێنێك دەبەستێتەوە، کە لە ئایندە کارێك ئەنجامبدات، وەك کردەکانی بەڵێندان، پەیماندان، سوێنخواردن، هەڕەشەکردن...هتد.

4- کردەکانی هەستدەربڕین: دەربڕینی هەڵوێستێك یان هەست و باری دەروونی نێرەرە، مەبەست لە بەکارهێنانیان (مەرجی دڵسۆزی)یە، وەك کردەکانی پیرۆزباییکردن، پۆزشهێنانەوە، پرسە(هاوسۆزی)، بەخێرهاتن ...هتد.

5- ڕاگەیاندن: ئەو کردانەن، کە لەگەڵ هێنانەدیی کردەکە لە دەوروبەر و دنیای دەرەوەدا هاوکاتن، وەك کردەکانی مارەکردن، ناونانی منداڵ، دانان لە سەر کار، دەرکردن لە سەر کار ...هتد.

لێرەدا ئەوەی بە لای ئێمەوە گرنگە، جیاوازیی پۆلینەکان نییە، بەڵکو مەبەستمانە لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی کەسی یەکەم(نێرەر) لە کردەکان بدوێین و پۆلینیان بکەینەوە، بەتایبەتی ئەو کردانەی ئۆستن دیاریکردوون، چونکە ئێمە تەنیا مەبەستمانە کردەکانی پۆلە جیاوازەکان لە سەر بنەمای پراگماتیی و پێگەی نێرەر لە پەیوەندیکردن بە هۆی کردە جیاوازەکانەوە دیاربکەین. لە پۆلینەکەی ئۆستندا لە سەر بنەمای چۆنیەتی جێبەجێبوونی کردەکان، هەڵوێستی نێرەر و وەرگر دیاریکراوە، بۆ نموونە لە کردەکانی (بڕیادان)دا نێرەر ڕاستەوخۆ کردەیەك ئەنجادەدات، بەڵام لە کردەی داخوازیدا داوا لە وەرگر دەکرێت، ڕاستەوخۆ کارێك ئەنجامبدات. لە ڕوانگەی پراگماتیزمەوە، دەتوانرێت لە کردەی جیاوازی ژێر پۆلە جیاوازەکان لیستی کۆمەڵێك کردە دروستبکرێت، کە بە هەمان میکانیزم خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی نێرەر دەکەن. لە خوارەوە زیاتر ئەم بابەتە ڕووندەکەینەوە.

### ئامانجی کردەکان

مرۆڤ، کە زمان بەگەڕدەخات، مەبەستەکانی لە یەکەی واتایی جیاواز باردەکات، کە ڕەنگە ئەو یەکانە واتای مەبەست و هەندێك جار جیاواز لە واتای مەبەستیش بگەیەنن. واتای مەبەست، واتای پراگماتیکییە و ئامانجی نێرەرە. لەم بارەیەوە (گرایس) دەستەواژەی (ئەوەی دەگوترێت و ئەوەی مەبەستە)ی بەکارهێناوە. کە (ئەوەی دەگوترێت) واتای ڕووکەشی ڕستەیە و، (ئەوەی مەبەستە) ئەو کاریگەری و ئەرك و واتایەیە، کە نێرەر دەیەوێت بیگەیەنێتە وەرگر و ئاراستەی بکات و کارێکی پێ ئەنجامبدات(ئاڤێستا کەمال، 2009، ل39). کارەکە ڕەنگە فیزیکی بێت، ڕەنگە ناوەکی بێت و گۆڕانکارییەك لە دەروون و بیروباوەڕیدا بهێنیتەئاراوە. بێگومان، ئاراستەکردن و ئەنجامدانی کاریش، بەپێی ویستی نێرەر و بەو ئاراستەیە دەبێت، کە خۆی پێی پەسندە. (ئۆستن) پێی وایە هەر کردەیەکی قسەیی لە بنەڕەتدا سێ کردەی پێکبەستراو دەگرێتەوە، کە ئەمانەن(Yule, 1996, p48-49):

1- کردەی دەربڕین(Locutionary act): کردەی بنەڕەتیی گوتنە، یان ڕۆنانی گوزارشتێکی زمانیی واتادار دەگرێتەوە. (واتە خودی قسەکردن دەگرێتەوە).

2- کردەی مەبەست(illocutionary act): ئەرکی گوتن دەگرێتەوە، کە نێرەر دەیەوێت، چی بە وەرگر بگەیەنێت

(ئایا گوتنەکە هەڕەشەیە، ڕوونکردنەوەیە ...). ئەمەش بە کاریگەریی هێزی دەربڕینەکە بە ئامانج دەگات و، بە (هێزی کردەی مەبەست- illocutionary force) دەناسرێت، (کە خودی واتای دەربڕینەکەیە).

3- کردەی پاشکار[4](کاریگەری)(perlocutionary act): ئەو کاریگەرییە دەگرێتەوە، کە گوتنەکە بەپێی دەوروبەر لە وەرگردا دروستی دەکات، (ڕەفتار و کاردانەوەی وەرگر)(بۆ نموونە گوتنەکە وای لێ بکات وەرگر قاوە بخواتەوە). ئەمەش بە (کاریگەریی کردەکانی پاشکار- perlocutionary effects) دەناسرێت. کە ئەمەش مەبەست و ئامانجی قسەکردنە.

ئۆستن زۆر گرنگی بە کردەی مەبەست داوە. بەجۆرێك، بووە بە بناغەی تیۆرەکە و هەندێکجاریش تیۆرەکە بە ناوی تیۆری مەبەست ناسراوە. بەلای سێرلەوە کردەی مەبەست یەکەی بچووك(minimal unit)ی پەیوەندیکردنی زمانییە، هێزی کردەی مەبەستیش جۆری کردەی مەبەست دیاریدەکات(محمود احمد، 2002، ص46، 47).

کردەی دەربڕین هەنگاوەکانی دروستکردنی گوتنەکە دەگرێتەوە، وەك سازکردنی دەنگەکان و لێکدانیان لە بۆتەی یەکەیەکی ڕێزمانیی خاوەن واتا و بەستنەوەی بە دەوروبەرەوە. ئۆستن لەناو کردەی دەربڕیندا سێ کردەی لێکجیاکردووەتەوە، ئەویش کردەی فۆنەتیکی و کردەی قسەیی و کردەی گوتارییە. کردەی فۆنەتیکی، درکاندنی دەنگاکان دەگرێتەوە، کردەی قسەیی دانانی کەرەستە زمانییەکانە بەپێی ڕێزمان و فەرهەنگی زمان، کردەی گوتاری، جێبەجێکردنی کردەی دەربڕینە بە بەکارهێنانی دانە فەرهەنگییەکان بە هەست و ژیرییەوە(أوستین، 1991، ص116). دوای بەجێگەیاندنی کردەی دەربڕین، هێزی کردەکە لەکاردادەبێت، مەبەست بەجێگەیاندنی کردەیەکە بە هۆی گوتنی شتێکەوە، کە مەبەستی گوتن دەگرێتەوە، واتە (بەو گوتنەوەی مەبەستی ئەوەیە ....)(هەمان سەرچاوە، ل120-121). کردەی مەبەست تایبەتە بە گەیشتنی مەبەستی نێرەر بە وەرگر، واتە کۆی گوتنەکە چ پەیامێکی بە وەرگر گەیاندووە و ئایا گوتنەکەی بووە بە (هەڕەشە، ترساندن، ئامۆژگاری ...هتد). ئەوەی مەبەستمانە، بە هۆی کردەی دەربڕین، بەتایبەتی هێزی کردەی قسەییەوە بەدەستبهێنین بریتییە لەو کاریگەری و گۆڕانکارییەی بە سەر هەست و بیرکردنەوە و ڕەفتاری وەرگردا دێت(هەمان سەرچاوە، ل121). ئەمەش کردەی پاشکارە، کە تایبەتە بە وەرگر و دەکەوێتە دوای گوتنەکەوە. واتە دوای ئەو پەیامەی نێرەر، وەرگر چی دەکات، چ گۆڕانکارییەکی کردەیی و هزری تێدا ڕوودەدات، وەك (چوونە دەرەوە، وازهێنان لە کارێك، ڕازیبوون، ڕەتکردنەوە ...هتد).

یەکێك لە ئامانجە سوخوازییەکانی مرۆڤ لە بەکارهێنانی زماندا ڕازیکردنی بەرامبەر و دەستەبەسەرداگرتنی بیرکردنەوە و ڕەفتاریەتی. لە خوارەوە بە وردی لەسەر ئەم بابەتە دەوەستین.

تەوەری دووەم: ڕۆڵی کردە قسەییەکان لە ڕازیکردندا

ڕازیکردن:

ڕازیکردن(persuasion) شێوەیەکە لە شێوەکانی هەوڵی لایەنێك بۆ گۆڕینی ڕێگای بیرکردنەوە و هەستکردن و ڕەفتارکردنی لایەنێکی تر(Walton, 2007, p69). ڕازیکردن یەکێکە لە کردە قسەییەکانی تیۆری ئارگۆمێنتسازی، بۆ نموونە هۆکاری هێنانەوەی ئارگۆمێنت بۆ ڕازیکردنی کەسێکە، بەوەی شتێك بە ڕاست دابنێت. هەروەها بەکارهێنانی هونەرەکانی ڕەوانبێژیش هەر بۆ ئەو مەبەستەیە. هەردووکیشیان وابەستەی تەفرەدان و فریودانی سۆفستاییین(هەمان سەرچاوە، ل46). سۆفستاییەکان کاری سەرەکییان بریتیبووە لە فێرکردنی هونەری گفتوگۆی سەرکەوتوو، بەبێ گوێدانە هەق و ناهەق و ڕاستی و ناڕاستیی دەربڕینەکانیان. بە واتایەکی تر خەڵکیان فێردەکرد، کە چۆن لە گفتوگۆدا براوەبن. ئەمەش لە ڕێگای فێڵە زمانییەوەکانەوە، زمانیان بەکاردەهێنا و تەنیا لایەنی پاراوی و ڕەوانبێژییان ڕەچاودەکرد(هیوا جەلال، 2020، ل84- 85). واتە ئەم کارەیان بە سەرکەوتن داناوە. ویستی سەرکەوتنیش یەکێکە لە غەریزەکانی مرۆڤ.

ڕازیکردن و هەژموون:

بە باوەڕی فەیلەوسوفی پراگماتیزم (جۆن دیوی) حەزی کۆنترۆڵکردنی ئەوانی تر یەکێکە لە غەریزەکانی مرۆڤ، وەك سێکس و غەریزەکانی تر (چون دیوي، 1963، ص169). مرۆڤ هەمیشە ئارەزووی ئەوە دەکات، کە خۆی زاڵبێت و ئەوانی تر بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە و دەست بە سەر ڕەفتار و بیرکردنەوەیاندا بگرێت. ئەمەش پێویستی بە ئامراز و ڕێخۆشکردن هەیە. ئامراز و هۆکاری زاڵبوون، دەکرێت بە هۆی هێز و زاڵبوونی سەربازی و ئابوری و کلتووری ...هتد، بێت. دەشکرێت بە هۆی سەپاندنی هەژموون و کۆنترۆڵکردنی بیرەوەبێت. ئەمەش پێویستی بە گوتارێك و تەکنیکی دیاریکراو هەیە لە گوتاردا. (فێرکلاف) پێی وایە، تەکنیکەکانی گوتار سەرچاوەیەکی گرنگن بۆ هێزە کۆمەڵایەتییە هەژموونداراەکان بۆ ئاراستەکردنی ڕێڕەوی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و کلتوورییەکان، کە لە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکاندا کاریگەریی زۆری هەیە(Fairclough, 1995, p91). هەریەك لە (ڤان دایك) و (ڕوس ووداك) و (فێرکلاف) لە سەر ئەو بیرە کۆکن، کە هێز لە کۆمەڵگای دیموکراتی پشت بە زۆرەملێ نابەستێت بەڵکو پشت بە هەژموون(Hegemony) دەبەستێت، کە تیایدا چینی زاڵی کۆمەڵ هەموو چینەکانی کۆمەڵ بە زاڵبوونی خۆی و ژێردەستەبوونی ئەوانی تر ڕازیدەکات، کە یەکێکە لە بنەما یەکلاکەرەوەکانی گەیشتن بە بیری مرۆڤ لە ناو کۆمەڵدا. بێگومان کۆنترۆڵکردنی تاك و کۆمەڵ لە ڕێی ڕازیکردنەوە بە دەستبەسەراداگرتنێکی نەرم دادەنرێت. ڕازیکردنیش یەکێکە لە جۆرەکانی دەسەڵات بۆ گۆڕینی ڕەفتاری بەرامبەر(عەبدولواحید موشیر، 2014، ل82). هەروەها ڕێگایەکیشە بۆ بەرگری لە خۆکردن. مرۆڤ بە ڕەچاوکردنی ئەو پلەیەی هەیەتی، هەمیشە پێویستی بە بەرگری لەخۆکردن و ڕازیکردنی ئەو کەسانەی هۆیەکانی بەرگری لە دژی بەکاردێنن، هەیە. هەر لە ڕێگای ڕازیکردنەوە دەستکەوتی زۆرتر لە کەسانی دەوروبەر و، ڕێزی زۆرتر بەدەستدەهێنرێت(لیلی شحرور، 2009، ص13، 14). ئەمەش یەکێکە لە مەبەستە پراگماتییەکانی بەکارهێنانی زمان.

هۆکار و تەکنیکەکانی ڕازیکردن:

هالیدای پێی وایە زمان لە ڕێگای گوزارشتکردن لە خود و کارکردنە سەر ئەوی تر، بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان بەکاردێت(محمود أحمد، 2001، ص135). بەم پێیە زمان دەکرێت بە ئامرازی زاڵبوونی خود و کارتێکردن لەوانی تر و، هۆکارێکی کاریگەرە بۆ ڕازیکردن و کۆنترۆڵکردنی بەرامبەر. بۆیە دەگوترێت (زمان چەکێکە لە مەترسیدارترین جۆری چەکە دەروونییەکان بۆ زاڵبوون بەسەر بیر و شتەکاندا(عبدالهادي بن ظافر، 2004، ص152). مرۆڤ لە زۆر بارادا پشت بەو هۆکارە دەبەستێت و ڕێگا و شێوازی جیاواز بۆ ئەو مەبەستە بەکاردێنێت. واتە (یەکێك لە ئەرکە گرنگەکان، کە زمان جێبەجێی دەکات ڕازیکردنە، کە پێویستی بە شارەزایی و لێهاتوویی نێرەر هەیە لە هەڵبژاردنی دەربڕینەکاندا بۆ گەیاندنی مەبەستەکەی و بەئامانجگەیاندنی ئاخاوتنەکەی، کە ڕازیکردنی بەرامبەرەکەیەتی)(هێمن شەمس، 2006، ل63).

گوتاری تایبەت بە ڕازیکردن، شێواز و ڕەگەزی تایبەتی تێدا بەکاردێت، پێویستی بە لێهاتوویی نێرەر و تەکنیك و هونەری تایبەت هەیە. لای فەیلەسوف و زانا و زمانەوانان هونەری جیاوازی تایبەت بەو مەبەستە دیاریکراون. ڕەگەزەکانی ڕەوانبێژیی گوتاری ڕازیکردن لای ئەرستۆ بریتییە لە هۆیەکانی ڕازیکردن یان بەڵگە، شێواز یان ڕۆنانی زمان، ڕیزکردنی بەشەکانی گوتن (محمد العمري، 2002، ص20). ئەمانە بەگشتی شێوازێکی تایبەتی ئاخاوتنن، کە بۆ ڕازیکردن بەکاردێن. شێواز بریتییە لە کۆمەڵێك گەمەی زمانی و (لە کتێبە ڕەوانبێژییەکانی یۆناندا شێوازیان بەوە پێناسەدەکرد، تاکە ئامرازێکە بۆ ڕازیکردنی کۆمەڵگا)(نەزیرە سابیر، 2021، ل47). ئەمەش تەنیا بابەتە ڕەوانبێژییەکان ناگرێتەوە، بەڵکو هەموو شێواز و گەمەیەکی زمانی دەگرێتەوە، کە کاریگەریی هەبێت لە سەر ڕازیکردن. (فلیپ بریتۆن- Philipe Breton) پێنج ڕێگای بۆ ڕازیکردن دیاریکردووە، کە بریتین لە (یاریکردن بە هزر، بانگەشە، ئارگۆمێنت، بەڵگەهێنانەوە، فریودان)(بوصلاح فايزة، 2010، ص15). هەریەك لەوانە لە ڕێگای کردەی قسەیی جیاوازەوە دەنوێنرێت.

ڕازیکردن و کردە قسەییەکان:

بەپێی تیۆری دیالێکتیکی[5] دەکرێت کردەی تایبەتی ڕازیکردن جیابکرێتەوە و دیاربکرێت. هەروەها دەکرێت هەوڵی ڕازیکردن لە جۆری تری گفتوگۆ ئامادەیی هەبێت( Walton, 2007, p47). هەروەها بەپێی تیۆری کردە قسەییەکان، ڕازیکردن خۆی کردەیەکە. دەشکرێت ڕازیکردن بە ڕێگای کردەی تر ئەنجامبدرێت(Jibreen & Al-janabi, 2018, p36).

کردە قسەییەکان لە پێناوی ئەوە دێنەئاراوە، کە کاریگەریی لەسەر وەرگر دروستبکەن، جا وەرگر تاکبێت یان کۆ، بۆیە یەکێك لە ئەرکەکانی کردەکان ڕازیکردنی بەرامبەرە بە ئامانجی گۆڕینی بۆچوونی لایەنی بەرامبەر یان گۆڕینی ڕەفتار و هەڵوێستی(بلقاسم دفة، 2014، ص492). بەم پێیەم دەتوانرێت کەسی بەرامبەر بە هۆی کۆمەڵێك کردەی قسەیی و ڕێگای جیاواز ناچاربکرێت بۆ ئەوەی کارێك بکات. هەروەها دەکرێت ئەمە بە هۆی کردەی ڕازیکردن(persuasion)ەوە بێت، بە واتای ئەوەی کەسەکە بەڕاستی باوەڕ بە نێرەر بکات. دەشکرێت وەکو مامەڵەیەکی بازرگانی لە بەرامبەر شتێکدا هەوڵی ئەنجامدانی کارێك بە وەرگر بدرێت. ئەمەش بەو کردانە دەکرێت، کە دەتوانن کاریگەری دروست بکەن، وەك هەندێك لە هەوڵەکانی ڕازیکردن بە شێوەی پاداشتکردن و ئۆفەر، کە دەبێتە کردەی قسەیی هاندان(inducement) بۆ وەرگر، هەروەها هەندێك هەوڵیش لە شێوەی کردەی قسەیی ناچارکردن(coercion)دا دەبن. جیاوازیی نێوان هاندان و ناچارکردن ئەوەیە، هاندان ئەنجامی ئەرێنی پێشکەشدەکات، بەڵام ناچارکردن هەڕەشەی نەرێنی پێشکەشدەکات( Walton, 2007, p69-70)، بۆ نموونە:

- ئەگەر ڕێگام بدەی لێرە بمێنمەوە، منیش هاوکاریت دەکەم(هاندان).
- ئەگەر ڕێگام نەدەی لێرە بمێنەوە، منیش هاوکاریت ناکەم(ناچارکردن).

بەڵام لە کۆتاییدا ئەم کردانەش هۆکارێکن بۆ ئەوەی بەرامبەر بخەیتە ژێر ڕکێفی خۆتەوە و ناچار بە ئەنجامدان/ ڕێگری لە ئەنجامدانی کارێکی بکەیت. کە ئەمە مەبەستی ئێمەیە لەم بابەتەدا. بە گشتی لە ڕازیکردندا هەوڵی گۆڕینی ڕەفتار، ئاراستە، یان بیروباوەڕ دەدرێت(عەبدولواحید موشیر، 2015، ل127). واتە دەکرێت ڕازیکردن تا ڕادەی باوەڕپێهێنان بڕوات، دەشکرێت تەنیا وەرگر بە نواندنی ڕەفتارێکی کاتی ڕازیبکرێت. ئاخاوتن لە پێناوی باوەڕپێهێنانی بەرامبەر دەبێتە دیالۆگی ڕازیکردن (persuasion dialogue)، بەڵام هاندان و ناچارکردن دەبێتە دیالۆگی دانوستان( negotiation dialogue). بابەتی دیالۆگی ڕازیکردن بەریەککەوتنی ڕایەکانە، بەڵام لە دانوستاندا چۆنیەتی دابەشکردنی شمەك و خزمەتگوزارییەکانە لە نێوان هەردوولادا، بۆیە هەردوولا هەوڵی ئەوە دەدات سازش(تنازل) بەوی تر بکات و ئەوە بەدەستبهێنێت، کە دەیەوێت. لە کاتێکدا لە ڕازیکردندا هەوڵی باوەڕپێهێنانی ئەوی تر دەدرێت، کە بابەتێك بە ڕاست بزانێت. لە داستوناندا ڕازیکردن بەو واتایە نایەت، کە لە پێناسەی ڕازیکردندا هاتووە. لەوێدا هەوڵی ئەوە نادرێت وەرگر بەوە ڕازی بکرێت، کە ئەوەی خراوەتەڕوو، بە حەقیقەت دابنرێت، بەڵکو تەنیا هەوڵی ڕازیکردن دەدرێت بۆ قبوڵکردنی ئەو پێشنیازەی بۆ کردنی کارێك پێشکەشکراوە (Walton, 2007, p74-75). بەم پێیە دەتوانرێت دوو جۆرە ویستی ڕێککەوتن لەگەڵ وەرگردا لای نێرەر دیاریبکرێت:

1- نێرەر یان دەیەوێت وەرگر لەگەڵیدا هاوڕابێت لە سەر بابەتی باسکراو.
2- یان دەیەوێت وەرگر ڕازیبکات تاکو کارێك ئەنجامبدات.

بە باوەڕی ئۆستن زمان تەنیا ئامراز و هۆکاری قسەکردن و تێگەیشتن نییە، بەڵکو زمان هۆکارێکە بۆ کارتێکردنی جیهان و گۆڕینی ڕەفتاری مرۆڤ(اوستین، 1991، ص6). ئەم ئەرکەش لە

ڕێگای کردە قسەییەکانەوە بەجێدەگەیەنرێت. ئەگەر سەیری کردە قسەییە جیاوازەکان بکەین، دەبینین ژمارەیەك لە کردە قسەییەکان هێزی ئەوەیان تێدایە، ببنە هۆی ڕازیکردنی بەرامبەر و پاشکاری (ڕازیبوون- Conviction)یان لێ بکەوێتەوە و بیروڕای وەرگر بگۆڕن، بەو ئاراستەیەی نێرەر دەیەوێت. یان بە لای کەمەوە دەتوانن وەرگر ناچاربکەن، کارێك بکات/ نەکات، وەك (ئەو کردانەی ڕێزگرتنیان تێدایە، بەڵێندان، پەیماندان، سوێندخواردن، پێداگرتن، سووربوون، داکۆکیکردن، تووڕەبوون، بەرپەرچدانەوە، گرەوکردن، ئینکاریکردن، پەشیمانکردنەوە، مژدەدان، سەرسامبوون، نیگەرانبوون، زەمکردن، ستایش و پیاهەڵدان، هەستدەربڕین، گومانکردن، ئاگادارکردنەوە، دوودڵی ...هتد)، چونکە ئەم کردانە لە هەندێك دەوروبەردا دەتوانن ئەو کاریگەرییە لەسەر دەروونی وەرگر دروستبکەن، کە هەمیشە نێرەر بۆ خستنەوەی پاشکاری ڕازیبوون، هەوڵی ئەفراندنی دەدات.

سەبارەت بە پەیوەندیی ڕازیکردن بە کردە قسەییەکانەوە، وەك لە سەرەوە باسکرا، هەندێك لە زمانەوانان (ڕازیکردن) بە کردەیەکی قسەیی تایبەت دادەنێن. هەروەها چەند میکانیزمێکی زمانیی تایبەت بە ڕازیکردن هەیە، کە لە ژێر ناوی بابەتی جیاوازدا باسکراون، وەك (ئارگۆمێنتسازی، مەیلگۆڕین- کاپیتیشن، زمانی میلتۆن). لە هەریەك لەوانەدا کۆمەڵێك میکانیزمی هاوشێوە و جیاواز بە مەبەستی کارکردنەسەر وەرگر بەکاردەهێنرێت. بەهۆی ئەوەی بەپێی تیۆری کردە قسەییەکان هەموو قسەیەك کردەیەکە، بۆیە ئاسایی ئەو میکانیزمانە لە ناو کردەی جیاوازدا بەکاردەهێنرێن. لێرەدا بەهۆی سنورداریی قەبارەی توێژینەوەکە (مەیلگۆڕین- کاپیتیشن) بە نموونە وەردەگرین و کارامەیی و میکانیزمە زمانییە جیاوازەکانی ئەو هونەرەی ئاخاوتن و ڕۆڵی چەند کردەیەکی قسەیی لەو شێوازەدا باسدەکەین

کردە قسەییەکان لە مەیلگۆڕین(capitation- کاپیتیشن)دا

نێرەر بۆ ڕازیکردن و زاڵبوون بەسەر وەرگردا پەنا بۆ ڕێگا و شێوازی جیاواز دەبات. کۆمەڵێك هۆکاری وەك بۆنەی قسەکردن، دەوروبەر، سروشت و ئاستی هەریەك لە نێرەر و وەرگر، باری دەروونیی نێرەر ...هتد، لە هەڵبژاردنی شێوازی ئاخاوتن بەگشتی و ڕستەکان بەتایبەتی ڕۆڵدەبینن. نێرەر بەپێی هەلومەرجی خۆی و ئاخاوتن و وەرگر لە پێناوی دروستکردنی کاریگەری لەسەر وەرگر کۆمەڵێك تەکنیك لەگەڵ کردە جیاوازەکاندا بەکاردێنێت.

مەیلگۆڕین ئەو وریاکەرەوە و وروژێنەرانەن، کە ئاستی هاندانی نەرێنی و ئەرێنی بەرزدەکەنەوە بۆ ڕازیبوون بەو ڕاسپاردە و ئاراستەکردنەی لە پەیامێکی ڕازیکەرانەدا هەیە(شدوان علي، 2005، ص143). ئەمەش بە هۆی ئەوەوە کاریگەرە، کە زۆربەی خەڵك بەگوێرەی میتۆدی (وروژێنەر و وەڵامدانەوە) هەڵسوکەوت دەکەن(نەجوا خەباز، 2016، ل26). بەم جۆرە میکانیزمەکانی مەیلگۆڕین وەکو وروژێنەر بێ وەڵام نابن. لە ناو یاسا دەروونییەکانی ڕازیکردندا (یاسای ڕاکێشانی دڵ)، یەکێکە لە یاسا گرنگەکان و ڕاکێشانی سۆزداری و لۆجیکی و هۆشەکی و ئاینی دەگرێتەوە. بە پێی یاساکە کار لە سەر وروژاندنی هەست و سۆز و، دواندنی عەقڵی وەرگر دەکرێت(عەبدولواحید موشیر ، 2015، ل147-148). ئەمەش هەمان ئەو بنەمایانەن، کە لە مەیگۆڕیندا پشتیان پێ دەبەسترێت.

مەیلگۆڕین میکانیزمێکی ئارگۆمێنتییە و تەکنیکێکی ڕازیکەرانەیە، بۆ دروستکردنی کاریگەری لەسەر بەرامبەر بەکاردێت. پشت بە بەکارهێنانی بەڵگە و سەلماندن و جوڵاندنی دەروون و هەست و سۆز دەبەستێت. ئەو هەستانەی، کە سۆز یان ترس و تۆقاندنیان لەگەڵە(بەهار زایەر، 2021، ل109، 110). ئەمەش بۆ کارکردنە سەر ئەوانی تر، بۆ ڕازیبوون بەو ڕاوبۆچوونەی ئاراستەی دەکرێت، یان ئەنجامدانی کارێکی دیاریکراو، یان ئاراستەکردنی وەرگر(مرزوق عبدالحکم، 2017، ص389). بە شێوەیەکی گشتی نێرەر لە بەکارهێنانی مەیلگۆڕیندا یان ویژدان و هەست و سۆزی بە شێوەیەکی ئەرێنی دەجووڵێنێت، یان لە ڕێگای ترس و تۆقاندنەوە هەستی بەشێوەیەکی نەرێنی دەجووڵێنێت. بۆیە بەگشتی دوو جۆری مەیلگۆڕین دیاریدەکرێت، کە (مەیلگۆڕینی نەرێنی- ترساندن، مەیگۆڕینی ئەرێنی- سۆزداری)یە. هەندێك جاریش (مەیلگۆڕینی عەقڵانی) بە جۆرێکی جیاواز لەو دوو جۆرە دادەنرێت. بەم پێیەم لە مەیلگۆڕینی نەرێنی کار لەسەر هەستی ترس لای وەرگر دەکرێت، لە مەیلگۆڕینی سۆزداری کار لەسەر سۆزی وەرگر و لە مەیلگۆڕینی عەقڵانی کار لەسەر لۆجیك و عەقڵی وەرگر دەکرێت. هەر یەك لەو لایەنانەی کاریگەری، دەتوانرێت لە بۆتەی کردەیەك یان چەند کردەیەکی قسەییدا بەرجەستەبکرێت و بە هۆیەوە کار لە وەرگر بکرێت. لە خوارەوە ڕۆڵی هەندێك لە کردەکان لە هەریەك لەو جۆرانەی مەیلگۆڕیندا ڕوونده‌کەینەوە.

یەکەم: مەیلگۆڕینی نەرێنی (ترساندن):

برییتیە لە وروژاندنی ترسی جەماوەر(وەرگر) بە کاریگەریی نەرێنیی مەسەلەیەك یان بابەتێك بە ئامانجی گۆڕینی ئاراستەیان. ئەمەش پەیامێکی ڕازیکەرانەیە، زیانە کۆمەڵایەتییەکانی بەهەندوەرنەگرتنی ئاگادارکردنەوەکە لە پەیوەندیکردنی بوارێکی کۆمەڵایەتی ڕوونده‌کاتەوە. ئامانج لێی تەنیا وروژاندنی ترس نییە لای وەرگر، بەڵکو ڕوونکردنەوە و شیکردنەوە و خستنەڕووی ڕاستیی بابەتیی ڕازیکەرە بۆ گەیشتن بە ئاراستەیەکی ئەرێنی. ئەویش بە کارکردنەسەر لایەنی ترس، وەکو کاردانەوەی هەڵچوون، لە هەمبەر ئەوەی هەڕەشە لە ژیان و تەندروستیی مرۆڤ دەکات(شدوان علي، 2005، ص144). هەروەها ئەو زیانانەی بەری دەکەوێت. لە ناو یاسا دەرونییەکانی ڕازیکردنی ڕەوانبێژیشدا (ڕاکێشان بە ترساندن)، یەکێکە لە ڕێگاکانی ڕازیکردنی وەرگر(عەبدولواحید موشیر، 2015، ل148). بەگشتی دوو هۆکار وا لە وەرگر دەکەن، وەڵامدانەوەی بۆ ئەم جۆرە شێوازەی قسە هەبێت، کە ئەمانەن(بوصلاح فایزة، 2010، ص59):

1- بەهێزیی وروژاندنی سۆز، کە هاندەرێکە بۆ وەرگر بۆ وەڵامدانەوەی ناوەڕۆکی پەیامەکە.
2- پێشبینیەکانی تاک بۆ ئەوەی بتوانێت خۆی لە مەترسییەکان بەدووربگرێت.

لە ناو کردە قسەییەکاندا کۆمەڵێك کردە دەتوانن وەکو هۆکارێك بۆ مەیلگۆڕین و ڕازیکردنی وەرگر بەکاربهێنرێن، وەك ئاگادارکردنەوە، وشیارکردنەوە، ترساندن، تۆقاندن، هەڕەشەکردن و ناچارکردن. پلەبەندییەك هەیە لە نێوان چوار کردەی یەکەم لە ڕووی توندی و بەهێزیی ئاستی ترس و ئەو زیانەی دەکەوێتەوە، بەجۆرێك ئاستی ترس لە ئاگادارکردنەوەدا کەمترە لە وشیارکردنەوە و ئەویش کەمترە لە ترساندن، ترساندن کەمترە لە تۆقاندن. بەگشتیش لە هەموو ئەو کردانەدا مەترسی و زیانەکانی بابەتێك ڕووندەکرێتەوە(بەهار زایەر، 2021، ل120-122). ئەگەر سەیری ئەم کردانە بکەین، کردەی هەڕەشەکردن لە ڕووی سەرچاوەی ترسەکەوە جیاوازە لەوانی تر. بەجۆرێك دەشێت لە کردەکانی تردا سەرچاوەی ترسەکە نێرەرنەبێت، بەڵام لە هەڕەشەکردندا هەمیشە نێرەر سەرچاوەی ترسەکەیە بۆ وەرگر. بۆیە ئێمە هەموو ئەو کردانەی سەرچاوەی ترسەکە نێرەرە بە (هەڕەشەکردن) دادەنێین. لێرەدا بەپێی سەرچاوەی ترسەکە ئەم بابەتە لە دوو تەوەردا باسدەکەین:

أ.کردەکانی (ئاگادارکردنەوە، وشیارکردنەوە، ترساندن، تۆقاندن):

هەموو ئەم کردانە ترسی وەڵامنەدانەوە و بەهەندوەرنەگرتنی پەیامەکە دەگەیەنن و زیان و مەترسییەکان ڕووندەکەنەوە. (مەرجی هاتنەدی)ی هەمووشیان ئەوەیە، کە وەرگر ئاراستەی بیرکردنەوەی بگۆڕێت و کاردانەوەی کردەکیی پێویستی هەبێت. بەو شێوەیەی، کە نێرەر پێی پەسندە. ئەم کردانە جیاواز لە (هەڕەشەکردن)، ڕەنگە ببنە هۆی گۆڕینی ڕای وەرگر، نەك تەنیا ناچار بە ئاراستەگۆڕین و نواندنی کارێکی بکەن.

ئاگادارکردنەوە لەچاو کردەکانی تردا کەمترین ترسی تێدایە و تەنیا ئەو زیانانە ڕوونەکرێتەوە، کە لە ئەنجامی وەڵامنەدانەوەی (مەیلگۆڕین- کاپیتیشن)ەکە دروست دەبێت. وشیارکردنەوە لە ئاگادارکردنەوە توندترە، بەڵام ناگاتە ئاستی ترساندن. ترساندن پلەیەك لە وشیارکردنەوە توندترە و مەیلگۆڕینێکی کاریگەرە. کاتێك ترساندنەکە بە بەڵگە و دۆکیۆمێنتەوە دەخرێتەڕوو، کاریگەرییەکە زیاتر دەبێت. تۆقاندن بەرزترین پلەی مەیلگۆڕینی ترساندنە. کاردانەوەکان لە ترسی دەروونییەوە دەگۆڕێن بۆ کردە و ئاراستەی بیرکردنەوەی نێرەر بەتەواوی دەچەسپێت(بەهار زایەر، 2021، ل120، 121). واتە تۆقاندن هەر ترساندنە، بەڵام بە ڕادەیەکی یەکجار بەرز مەترسییەکان دەخرێنەڕوو. ئامانجی هەمووشیان گۆڕینی ئاراستەی بیرکردنەوە و وەرگرتنی هەڵوێستە لای وەرگر، بەو ئاراستەیەی نێرەر مەبەستیەتی. وەك لەم نموونانەی خوارەوە:

- عێراق هاوکارییە داراییەکانی هەرێم دەبڕێت. (ئاگادارکردنەوە)
- ئەگەر کورد لە بەغدا یەکگرتوو نەبێت، مافە دەستوورییەکانی دەکەوێتە مەترسییەوە. (وشیارکردنەوە)
- خانە نوستووەکانی داعش جێی مەترسین. (ترساندن)
- کۆرۆنا کارەساتی مرۆیی دەخولقێنێت. (تۆقاندن)

ب .کردەکانی هەڕەشەکردن و ناچارکردن:

لە بنەڕەتدا هەڕەشەکردن بۆچوونی ڕاستەقینەی وەرگر ناگۆڕێت، بەڵام دەتوانێت بڕیار و ڕای لە سەر کردن و نەکردنی کارێك بگۆڕێت. واتە ناچار بە کردن و نەکردنی دەکات. هەڕەشەکردن بریتییە لە خستنەڕووی سزایەك لەلایەن نێرەرەوە بۆ وەرگر. (مەرجی هاتنەدی ئەوەیە، نێرەرپێشبینی دەکات وەرگر واز لە کردەوەکە بهێنێت)(قەیس کاکل، 1995، ل70- 71). بەم پێیە نێرەر هێزی گوتنەکە بۆ ڕازیکردنی بەرامبەر بەکاردەهێنێت و وای لێ دەکات بڕیاری خۆی بەو جۆرە بگۆڕێت، کە نێرەر پێی پەسندە. بۆ ئەمەش بە قسە هەڕەشەك بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی وەرگر دروست دەکات، تاکو ئاراستەی بڕیاردانی لە بەرژەوەندیی خۆی(نێرەر) بگۆڕێت. بۆ نموونە فەرماندەیەکی سەربازی بڵێت:

- هاوکارمان نەبن، ناوچەکەتان دەکەین بە مەیدانی جەنگ.

لەم بارەدا کە جێبەجێکردنی هەڕەشەکە بەستراوەتەوە بە جێبەجێکردنی کارێکەوە، هەڕەشەکە دەبێتە کردەی ناچارکردن(coercion). ئەمەش هەڕەشەکردنی ڕاستەوخۆیە و نێرەر مەرج و سزاکەشی دیاریکردووە. دەکرێت هەڕەشەکردن بە شێوەی ناڕاستەوخۆبێت. لە هەڕەشەی ناڕاستەوخۆدا نێرەر باسی سزاکە ناکات، تەنیا ئاماژەیەك بۆ ئەو هەلومەرجە دەکات، کە دەکرێت سزاکەی تێدا ئەنجامبدرێت، بۆ نموونە:

- با کاتی هەڵبژاردن بێت. (نێرەر بە ناڕاستەوخۆ هەڕەشەی ئەوە دەکات، کە دەنگ بە لایەنێك نادات، یان بە لایەنێکی نەیاری دەدات).
- با پێویستت بە من بێت. (نێرەر بە ناڕاستەوخۆ هەڕەشەی ئەوە دەکات، کە کاتێك وەرگر پێویستی پێی بێت، یارمەتی نادات).

دووەم: مەیلگۆڕینی ئەرێنی- سۆزداری:

لێرەدا ویژدان و سۆز و هەڵچوونەکانی تاك بەئامانجدەگرێت، پێویستییە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی دەجوڵێنێت، هەستەکانی دەدوێنێت. ئەم مەیلگۆڕینە لەوەوە سەرچاوەدەگرێت، کە مرۆڤ بۆ ئەو پەیامانەی، کە بە شارەزاییەوە بۆ ئەم مەبەستە داڕێژراون، سۆزی دەجووڵێت(بەهار زایەر، 2021، ل111). لەم جۆرە مەیلگۆڕینەدا پشت بە چەند تەکنیکێك دەبەسترێت وەك ئەمانە خوارەوە: (بوصلاح فایزة، 2010، ص52- 57):

1- بەکارهێنانی دروشم و سیمبوڵی سیاسی و نەتەوەیی و ئاینی ...هتد.
2- بەکارهێنانی هۆکارە زمانییەکانی وەك ڕەوانبێژی.
3- پەسندکردن و بەباشترزانینی شتێك لەچاو شتێکی تردا.
4- پشت بەستن بە سەرچاوەی باوەڕپێکراوی وەك خەڵکی خاوەن پایەی بەرزتر، سەرچاوە و کتێبی پیرۆز، ڕای زۆرینە.
5- جەختکردنەوە لەسەر شتێك.

لە ناو کردە قسەییەکاندا کردەی وەکو کردەی هەواڵدان بۆ دروستکردنی هەستی (بەزەیی) یان (ڕق)[6]، هەستدەربڕین(دەکرێت چەند تەکنیکێکی سەرەوەی تێدابەکاربێت)، هەستوروژاندن، هاندان، بەراوردکردن، سوێندخواردن، جەختکردنەوە ...هتد دەتوانن کار لە سۆز و

هەڵچوونی وەرگر بکەن و بە ناوەرۆکی پەیامی مەبەست ڕازیی بکەن. لێرەدا باس لە هەندێك لەو كردانە دەكەین.

أ.کردەی هاندان/ هەستوروژاندان:

لە ڕاستیدا هەموو ئەو کردانەی بۆ مەبەستی ڕازیکردن و گۆڕینی ئاراستەی وەرگر بەکاردێن، ئەرکی هەستوروژاندن بەجێدەگەیەنن، چونکە ناڕاستەوخۆ هانی وەرگر دەدەن بۆ ئەوەی بەو جۆرەی، کە نێرەر دەیەوێت، لەو کەس و کەرەستە و بیر و هەوڵوێستانە بڕوانێت، کە نێرەر مەبەستیەتی. ئەگەرچی هەستوروژاندن زیاتر لە کردەی هەستدەربڕین دەکەوێتەوە، بەڵام ئەو کردانەی بۆ مەبەستی ڕازیکردن بەکاردێن هێزی ئەوەیان تێدایە، هەستی وەرگر بوروژێنن و هانیبدەن. جولاندنی هەست و سۆزی نێرەریش یەکێکە لە ڕێگاکانی ڕاکێشانی دڵی وەرگر و لە ناو یاسا دەروونییەکانی ڕازیکردندایە(عەبدولواحید موشیر، 2015، ل147- 148).

وروژاندن زیاتر بۆ گۆڕینی ئاراستە بەکاردێت(عەبدولواحید موشیر، 2005، ل215). بێگومان ئاراستەکەش ڕوو لە بەرژەوەندیی نێرەر و بە ویستی نێرەرە. کاتێك زمان بە ئەرکی هەستوروژاندن هەڵدەستێت، کە هەست و ئارەزوویەکی تایبەتی لە وەرگر/ خوێنەردا دروستبکات. بە واتای ئەوەی وەرگر بوروژێنێت(محمەد مەعروف، 2011، ل33) و هانیبدات. بەمەش کردەکە دەبێتە هۆی خۆشەویستکردنی کارێك (شتێك) لای کەسێك بۆ ئەنجامدانی یان بەردەوامبوون لەسەری، یاخود بەپێچەوانەوە ناشیرینکردن و لەبەرچاوخستنی کارێك بۆ وازهێنان و دوورکەوتنەوە لێی. واتە بە ڕێگای (زەمکردن)ی وەسفکراوەکەوە هانی وەرگر دەدات بۆ دوورکەوتنەوە لەکارێك، یان بە شێوەی نەرێنی هەڵوێستی لەبەرامبەر وەربگرێت. دەکرێت هاندان لە شێوەی کردەی فەرماندان، هەواڵگەیاندن، ڕێنماییکردن، ستایشکردن ...هتد بێت، بەڵام مەبەستی سەرەکی دەربڕینەکان هاندانبێت(هێمن شەمس، 2006، ل93). وەك:

- لە خەو ڕابن، هیممەتێ بکەن! (هاندان بە داواکردن)
- ئێوە پشت لە ڕۆڵەکانتان ناکەن و دەنگیان پێدەدەن. (هاندان بە پێشبینیکردن)
- چۆن دەهێڵن حزبەکەتان بکەوێت؟ (هاندان بە پرسیارکردن)
- ئافەرین بۆ ئەو هەڵوێستەی نواندتان. (هاندان بە پیاهەڵدان)
- ئێوە کوڕی ڕۆژی تەنگانەن! (هاندان بە پیاهەڵدان)

هەستوروژاندان بە دوو شێوە دەکرێت:

1- هەستوروژاندان بۆ سوودی گشتی: لەم جۆرەدا نێرەر هانی وەرگر دەدات بۆ ئەوەی کارێك بکات بۆ سوود و بەرژەوەندیی گشتی، وەك لە وتاری ئاینی و کۆمەڵایەتی و هاندانی نیشاتمانپەروەران بۆ بەرگریکردن(عەبدوڵڵا حوسێن، 2006، ل57). واتە لێرەدا نێرەر بە ئاشکرا بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆی لەبەرچاوناگرێت، بەڵام لە کۆتاییدا هەر بە بەرژەوەندیی خۆی دەشکێتەوە، چونکە دەکرێت تەنیا ئامانجی نێرەر چاکەکردنبێت، ئەمەش ئاسوودەیی دەروونی لێدەکەوێتەوە. لەلایەکی ترەوە نێرەر خزمەت بە بەرژەوەندیی گشتی دەکات، کە بەرژەوەندیی ئەویش بەشێکە لەو گشتە.

2- هەستوروژاندن بۆ سوودی تایبەتی: لێرەدا نێرەر بۆ سوودی تایبەتیی خۆی هەوڵدەدات، دەیەوێت ناڕاستەوخۆ وا لە وەرگر بکات کارێك ئەنجامبدات. ڕەچاوی هیچ بەرژەوەندییەکی گشتی ناکات و تەنیا مەبەستی سوودمەندیی تایبەتیی خۆی یان گروپەکەیەتی. لێرەدا وا لە وەرگر دەگەیەنرێت، کە ئەنجامدانی کارەکە بۆ بەرژەوەندیی ئەوە و ئەنجامدانی کارەکەی لە لا جوان و شیرین دەکات. دەزگاکانی ڕاگەیاندن سوودی زۆر لەم ئەرکەی زمان دەبینن، وەك لە سەرجەم پروپاگەندە بازرگانی و ڕامیاری و ...هتد(عەبدوڵڵا حوسێن، 2005، ل58). هەندێك جار بەرژەوەندیی تایبەت پێچەوانەی بەرژوەندیی گشتی دەبێت. لەم بارەدا نێرەر وروژاندن بۆ (ئاراستەی خراپ) بەکاردێنێت، وەرگر بۆ ئامانجی گلاو و هەوڵوەشانەوەی کۆمەڵ ...هتد هاندەدات(عەبدواواحید موشیر، 2005، ل216). ئەو دۆخەش کاتێك دێتەئاراوە، کە بەرژوەندیی نێرەر و کۆمەڵگا هاوتەریب نابن و نێرەر لێدان لە بەرژوەندیی کۆمەڵگا بە بەرژوەندیی خۆی دەزانێت.

هاندان بە شێوەی نەرێنی دەبێتە ساردکردنەوە، کە لەم بارەدا نێرەر، وەرگر ساردەکاتەوە لەوەی کارێك بکات. تیایدا نێرەر توانای وەرگر بۆ کردنی ئەو کارە یان ئەنجامی کارەکە بە کەمبایەخ پیشاندەدات. وەك

- ئەمە شەرکردنە لەگەڵ شاخدا.
- هیچ سوودێك لەم کارە نابینی!

دەکرێت هەستدەبڕین بە هۆی یەکێك لە هونەرەکانی ڕەوانبێژی، وەك لێکچواندن، خوازە، خواستن ...هتد) بکرێت، چونکە ئەم هونەرانە لە ئەدەبدا بەرهەمی سۆزن(عەزیز گەردی، 1972، ل11). واتە هەڵگری هەست و سۆزی ئەدیب و نێرەرن. هەست و سۆزیش لەم جۆرە بەکارهێنانە بەجۆرێکە، کە نێرەر خۆی و هاوبەرژەوەندییانی، یان کەسی بەرامبەر پەسنددەکات.

هەروەها دەکرێت پێشکەشکردنی شتێك ببێتە هاندان بۆ ئەوەی وەرگر کارێك بکات/ نەکات. واتە لەو بارەدا نێرەر شتێك لە بەرژەوەندیی وەرگر پێشکەشدەکات( Walton, 2007, p72). بەمەش کارەکە دەبێت بە (بەڵێندان)، بەڵام بە مەرجی ئەنجامدانی کارێك لەلایەن وەرگرەوە، بۆ نموونە:

- ئەگەر دەنگمان پێبدەن، مافەکانتان وەردەگرینەوە.

لە ڕاستیدا پێشکەشکردنی سوود لە شێوەی مادە یان خزمەتگوزاری(کە لە سەرەوە لە بابەتی هاندان‌دا باسکرا)، ڕێگایەکی گونجاونییە بۆ ڕازیکردن. واتە پێشکەشکردن لە شێوەی بەرتیل یان هەڵخەڵەتاندن بە مادە یان هەڕەشەکردن، کردەی ڕازیکەرنین بە واتای باوەڕپێکردن(هەمان سەرچاوە، ل73). چونکە بۆچوونی هەمیشەیی وەرگر سەبارەت بە بابەتی باسکراو ناگۆڕن، بەڵکو تەنیا بە ئەنجامدان/ ئەنجامنەدانی تەنیا ئەو کارە دیاریکراوەی مەبەستە، ڕازیدەکەن.

ب .کردەی ناڕەزایی و گلەیی: لەم کردەیەدا نێرەر ناڕەزایی خۆی لە بارودۆخێك و هەڵوێستێك یان لەبارەی کەسێك یان لایەنێکەوە دەردەبڕێت، کە کاریگەریی نەرێنی لە سەر نێرەر دروستکردووە، تاکو وەرگر ڕازیبێت بەوەی نێرەر کردار و هەڵوێستێك بنوێنێت و

وەرگر بەرهەڵستیی نەکات، یان وا لە وەرگر بکات، هەڵوێست و ڕای نەرێنیی لە سەر ئەو لایەنە هەبێت. واتە بەم کردەیە نێرەر دەیەوێت وەرگر هاوڕای بێت، بۆنموونە:

- ژیان لەم وڵاتە نەماوە- قسەی کەسێك بەنیازە کۆچبکات
- دوژمن ناهێڵێ بە ئارامی بنووین- قسەی سیاسییەك/ شۆڕشگێڕێك
- تەعریبکردن لە کەرکوك بەردەوامە- قسەی سیاسییەك/ شۆڕشگێڕێك

گلەییکردنیش هەر جۆرێکە لە ناڕەزایی، بەڵام لە گلەییکردندا ناڕەزایی دەکەوێتە سەر وەرگر، بەڵام لە ناڕازیی دەربڕیندا مەرج نییە بکەوێتە سەر وەرگر(عەبدولواحید موشیر، 2005، ل105). کردەی گلەییکردن هێزی ئەوەی هەیە، کار لە بۆچوونی وەرگر بکات و بە کارێك ڕازیی بکات، یان ڕای لەسەر بابەتێك بگۆڕێت، وەك:

- ئێوە هیچ هەوڵێك نادەن بۆ سەرکەوتن.
- ئێوە تەنیا ڕەخنە دەگرن و کارە باشەکان نابیین.

پ. کردەی بەراوردکردن:

کردەی بەراوردکردن دەبێتە هاندەرێك بۆ ئەوەی وەرگر بورژێنێت و وای لێ بکات، کارێك ئەنجامبدات. کاتێك بتەوێت کەسێك بە بژاردەیەك ڕازیبکەیت، وا پەسندە لەگەڵ بژاردەیەکی تردا بیخەیتەڕوو کە زۆرتر لە سەر وەرگر دەکەوێت. واتە دەکرێت ئەرکی زۆرتربێت، یان زیان و تێچووی زۆرتربێت. بەمەش وەرگر ئەو بژادەیە هەڵدەبژێرێت، کە ئەرکی کەمتر یان ڕادەی سوودمەندیی زیاترە. بۆ نموونە:

- کۆمەڵەکەی ئێمە زیاتر لە کۆمەڵەی ... خزمەت بە گەنجان دەکات.
- ئامێری .... لە هەموو ئامێرە هاوشێوەکانی خۆی کەمتر کارەبای دەوێت.
- کوڕی خەڵکی یەکەم دەبێت و کوڕی من دەمێنێتەوە!

لەم ڕستانەدا نێرەر دەیەوێت باوەڕ بە وەرگر بهێنێت، کە (کۆمەڵەکەی ئەوان باشە، ئامێرە کارەباییەکەی ئەوان باشە، کوڕەکەی بخوێنێت). واتە هەوڵی گۆڕینی ئاراستەی بیرکردنەوە یان ڕازیکردن بۆ ئەنجامدانی کارێك بدات، لە ڕێگەی بەراوردکردنی (کۆمەڵە، ئامێر، کوڕەکە) لەگەڵ هی تردا.

ت. کردەی سوێندخواردن:

هەروەك باسکرا، یەکێك لە تەکنیکەکانی مەیلگۆڕین پەنابردنە بۆ سەرچاوە و کتێبی پیرۆز. واتە دەکرێت نێرەر دەق پیرۆز وەك پاڵپشت بۆ قسەکەی خۆی بکات بە بەڵگە و، وەرگری پێ ڕازی بکات. بە هۆی ئەوەی ئەو دەقانە پیرۆزن و هەمیشە جێی باوەڕی بڕوادارن، بەکارهێنانی ئەو تەکنیکە کار لە هەست و سۆزی وەرگر و ڕادەی ڕاستیی قسەکە لای وەرگر دەکات. جگە لەوە ڕەهەندی پیرۆزی، بە جۆرێکی تر پشتی پێ دەبەسترێت، ئەویش کردەی سوێندخواردنە، چونکە ئاسایی سوێند بە شتی پیرۆز دەخورێت.

سوێندخواردن لەو کۆمەڵگایەنەدا باوە، کە بیروباوەڕی ئاینی زاڵە. بە هۆی کەمی یان نەبوونی متمانە و گومانکردن لە ڕاستیی دەربڕینەکان بە ناچاری بۆ سەلماندنی ڕاستیی وتنەکان سوێند بە شتێك بخۆن، کە پیرۆزە یان گەورەیە لەلایان و ئەستەمە ئەم پیرۆزییە بخەنە ژێر گومانەوە. هەر کەسیش بەگوێرەی بیروباوەڕی خۆی سوێنددەخوات(هێمن شەمس، 2006، ل91). لەم کردەیەدا خودا (یان هەر شتێك نێرەر لای پیرۆزبێت) دەکرێت بە شاهێد بە سەر ڕاستیی قسەی نێرەرەوە، کە کارێك دەکات یان ناکات، یان ڕوداوێك ڕوویداوە. لەم کردەیەدا ئەو لایەنە پیرۆزە دەکرێت بە نێوەندگیر لەو گرێبەستەی نێوان نێرەر و وەرگر. لەم کردەیەدا وشەی (سوێند) بەکاردەهێنرێت، هەندێك جار ناوی خودا دەهێنرێت یان سوێند بە سیفەتێکی دەخورێت. پەیمانپێدراویش خودایە. سوێندخواردنیش یان بۆ دڵنیاکردنەوەیە لەوەی شتێك ڕوویداوە/ڕووینەداوە یان ڕوودەدات/ڕوونادات، یان بۆ پابەندکردنی خودە بە ئەنجامدان یان ئەنجامنەدانی کارێك(بينات، 2021، ص؟). سوێندخوان بۆ دڵنیابوونەوەیە لە هەواڵ، یان ڕستەیەکە(دەربڕینێکە)، جەخت لە ڕاستیی ڕستەیەکی تر دەکاتەوە. ئەمەش جۆرێکە لە سەلماندن و دڵنیایی (التوكيد)، کە پاڵ بە وەرگرەوە دەنێت بۆ ئەوەی باوەڕ بە قسەکانی نێرەر بکات(جمال شلباب، 2016، ص137-138).

کۆمەڵگای کوردی، کە زۆرینەی دیندارن، لە ناو ئاینەکانیشدا زۆرینە موسوڵمانن و تا ڕادەیەکی زۆر پەیوەستن بە ئاینەوە. بۆیە سوێندخوادن و هێنانەناوەوەی ڕەهەندی ئاینی، کاریگەریی باشی دەبێت لە سەر باوەڕپێکردنی وەرگر. لە زمانی کوردیدا هەندێك جار جگە لە خودا، شتی تری وەك قورئان، پێغەمبەر، پیر و پیاوچاك، گۆڕی شەهید، ئاسمان، زەوی، نان(زاد- نمەك)، پیاوچاك، سەری باوك، خوێنی شەهیدان، گۆڕی خۆشەویستێك، تەڵاق، شەرەف، نیکاح ... هتد، بۆ سوێندخواردن بەکاردێت. جگە لە ئاخاوتنی ڕۆژانە سوێندخواردن لە بواری سیاسەتدا( وەك سوێندخوادنی سەرۆکی وڵات)، یان لە بواری دادوەریشدا بەکاردێت. هەروەها لە وتاری ئاینیدا بە ڕێژەیەکی زۆر بەکاردێت. نموونەی سوێندخواردن:

- بەخودای هەموومان دەچینەوە بەر دەرگای خودا.
- بەخودای دنیا هیچنییە.
- بە قورئان کارەکەت بۆ دەکەم

ج. کردەی (جەختکردنەوە، پێداگرتن، سووربوون):

نێرەر بە جەختکردنەوە دەتوانێت کار لە سۆزی وەرگر بکات و جۆرە دڵنیاییەکی پێبدات. جەختکردنەوە شێوازێکە، نێرەر بە مەبەستی چەسپاندنی شتێك و ڕەواندنەوەی گومان لای وەرگر بەکاریدەهێنێت(جمال شلباب، 2016، ص135). واتە بریتییە لە چەسپاندنی شتێك، نەهێشتنی گومانە لەبارەی ئەو شتەی کە پێشتر گوتراوە، یان لەبارەیەوە دەدوێن. دەکرێت جەختکردن بۆ مەبەستی جیاواز بەکاربێت، وەك (ئامۆژگاری و هەڕەشە، دەربڕینی بیروڕا بە ڕوونی، ناڕەزایی دەربڕین بە شێوەی توند، پیشاندانی گرنگیی بابەت..)(حەمید سالح، 2017، ل25، 28). گەیاندنی ئەم مەبەستانەش بە ئامانجی خستنەوەی پاشکاری ڕازیبوونی وەرگر و هاوڕابوونییەتی لەگەڵ نێرەر سەبارەت بە بابەتی باسکراو. لە کاتی سووربوون و جەختکردنەوەدا هەوڵی ئەوە دەدرێت، کە وەرگر ڕازیبکرێت لە

سەر ئەو ڕاستییەی لەبارەی شتی باسکراوەوە دەگوترێت(Searle, 1971, p45).

جەختکردن بە چەند شێوازێك دەکرێت:

1- جەختکردن بە ئامراز و وشە و لاڕستە، وەك (ئا، ئادەی، ئاخر، ئێ دە، ئەدی(ئەی)، ئێ، ئێ دە خۆ، ئێ دە، خۆ، با، دە با، دە ساو دەنا، دەی، دە هەر، ش/یش ...، بە ڕاستی، لە ڕاستیدا، بە حەقیقەت، بە دڵنیایی، بە تەئکید، بێ زیاد و کەم، بێگومان، بێ شك، حەتمەن، هەردەم، هەموو کات، دایم، هەرگیز، قەت، هەرگیزاوهەرگیز، هەتاهەتایە، هەمیشە، هەڵبەت، مسۆگەر، ڕەبەق، تێکڕا، سەراپا، سەرانسەر، گشت، ئەسلەن، ئەی چۆن، تەنیا، بەتایبەتی، تۆبە، جێناوی خۆیی(خۆی، خۆم ..)، یەقین، دەبێ ... ئەشدەم بیللا، شەرتبێ، دڵنیام ...هتد(حەمید سالح، 2017، ل30- 66). بوونی ئەم ئامرازانە لەڕستەدا هێزی ئەوە بە گوتنەکە (کردەکە) دەدەن، کە جەخت لە ڕاستیی ڕووداوەکە بکاتەوە. وەك:

- من هەر تۆم خۆشدەوێت(هەستدەربڕین و جەختکردنەوە) دەکرێت جەختکردنەوە بە ڕستەی پرس بێت، (پرسیاری جەختکردنەوە) یەکێکە لە میکانیزمەکانی زمانی میلتۆن بۆ ڕازیکردن (Burton & Bodenhamer, 2000, p262). جار دەکرێت پرسیارەکە ئامرازی جەختکردنی تێدابێت یاخود نا. وەك:
- من بووم یارمەتیمدای، ئەی وانەبوو؟ (جەختکردن بە کردەی پرسیارکردن)
- خۆ کارەکەم بۆ دەکەی؟ (جەختکردن بە کردەی پرسیارکردن) هەندێك جاریش ئامرازەکە خۆی لە شێوەی ڕستەدا دەردەکەوێت و دەبێتە کردەی جەختکردن، وەك (دڵنیام، بێگومانم، شەرتبێ ...هتد). نموونەی جەختکردنەوە:
- بێگومان ئەوان دڵسۆزن. (جەختکردنەوە بەهۆی کردەیەك)
- دڵنیام لەم کارە زەرەرناکەی. (جەختکردنەوە بەهۆی کردەیەك)

2- جەختکردن بە هۆی دووبارەکردنەوەوە، چونکە دووبارەکردنەوە واتای پێویستبوون دەگەیەنێت(ئۆستین، 1991، ص91). بە واتای ئەوەی، پێویستە وەرگر بە هەندی وەربگرێت. دووپاتکردنەوە وەکو هونەرێکی ڕەوانبێژی بە مەبەستی جەختکردنەوە لەسەر واتایەك دەخرێتەڕوو. هەروەها بە مەبەستی گەورەکردنی حاڵەتێکی دەروونی یان سیاسی یان هەر حاڵەتێکی تر، بەکاردەهێنرێت(ئیدریس عەبدوڵلا، 2011، ل247). لەم شێوازەی جەختکردنەوەدا دەکرێت (کار، ئاوەڵناو، جێناو، گرێ، ڕستە(کردە) ...هتد) دووبارەبکرێنەوە. لە نموونەی دووبارەکردنەوە:
- دێم دێم. (جەختکردنەوە بەهۆی دووبارەکردنەوەی کردەیەك)
- بەڵێ وایە، بەڵێ وایە. (جەختکردنەوە بەهۆی دووبارەکردنەوەی کردەیەك)

3- دەتوانرێت هێز بۆ جەختکردنە سەر وشە بەکاربهێنرێت. واتە هێزی سەرەکی دەخرێتە سەر ئەو وشەیەی، کە مەبەستە(تاڵیب حوسێن، 2014، ل57- 58). کە ئەمە لە نوسیندا دەرناکەوێت.

4- جەختکردن بە هۆی بە لووتکەکردنەوە: هەندێك جار بە هۆی سووربوون یان دووپاتکردنەوەی نێرەر لە سەر کەرەستەیەکی ڕستە، بۆ ئەو مەبەستەی بە وەرگری دەگەیەنێت، کەرەستەکە پێشدەخرێت(هەمان سەرچاوە، ل18). بەو کارەش جگە لە واتای فەرهەنگیی کەرەستەکان، واتا و مەبەستی جەختکردنیش دەگەیەنرێت. ئەم جۆرە واتایە پەیوەندیی بە ڕێکخستنی ڕستە و بەلووتکەکردنەوە هەیە، بەگوێرەی مەبەست و گرنگیی هەریەکەیان ... جەخت لە سەر مەبەست دەکرێتەوە(عەبدولواحید موشیر، 2010، ل102).

چ . ڕازیکردن بە هۆی ڕێزگرتنەوە:

ئەو کردە جیاوازانەی، کە بنەمای ڕێزگرتنیان تێدایە، دەتوانن کاریگەرییان هەبێت لە سەر گۆڕینی ڕای وەرگر و بەکارهێنانیان ئەنجامی ڕازیبوون و باوەڕکردنی وەرگری لێ بکەوێتەوە. لە سەر بنەمای پێوەری (ئەرك- سوود، cost-benefit) لای (لیچ)، ئەو کردانەی سوود بە سەر وەرگر و ئەرك بە سەر نێرەردا دەسەپێنن، زۆر کاریگەرن بۆ ڕازیکردن باوەڕپێهێنان(WISE, 2011, p25)، چونکە ڕێزگرتن نواندنی ڕەوشتە، یەکێك لە بنەماکانی باوەڕپێکردنی قسەش دەوەستێتە سەر ڕەوشتی نێرەر(محمد العمري، 2002، ص24). بەم پێیە زۆر جار ڕێزگرتن بۆ ڕازیکردنی بەرامبەر و سەرکەوتنی ئەو داواکارییە دەبێت، کە نێرەر لە وەرگری دەکات. بەتایبەتی لەگەڵ ڕستەی پرس یان داخوازیدا زۆر جار نێرەر بەڕێزەوە داوای شتێك دەکات. ئەمەش بۆ دروستکردنی کاریگەریی دەروونی و پاشکاری (ڕازیبوون)ە لای وەرگر. داواکردن بەڕێزەوە یان دەربڕینی ڕا بە ڕێزەوە هێزی ئاخوتنەکە زیاتر دەکات و زیاتر گریمانەی ڕازیبوونی وەرگری لێ دەکرێت. چونکە (لە ڕێگای گرنگیدان بە پێویستییەکانی ڕووبەندی و جۆرەکانییەوە (کە ڕێگایەکە بۆ ڕێزگرتن)، دەتوانین پارێزگاری لە ڕووی کەسی بەرامبەر بکەین، بۆیە نێرەران هەوڵدەدەن لە بەرامبەر ڕووبەندیدا ڕازیبوون بەدەستبهێنن)(ئارام عەبدولواحید، 2013، ل160)، چونکە ڕێزگرتن لەلایەکەوە پێشکەشکردنی شتێکە بە وەرگر، ئەمەش کاریگەرە بۆ ئەوەی وەرگر بخاتە هەڵوێستێکەوە و بۆ ڕازیبوون نەرمی بنوێنێت. لە لایەکی ترەوە ڕێزگرتن وەکو ڕەفتارێکی پەسند هەڵگری هەستێکی ئەرێنییە بۆ وەرگر، بۆیە پاڵنەرێکی باشە بۆ ڕازیبوون. وەك:

- قەڵەمی زیادەت پێیە؟ (داواکردن بە ڕێزەوە)
- زۆر کەس ئەو ڕایەی تۆیان نییە. (ڕەتکردنەوە بە ڕێزەوە)

ح . ڕازیکردن بە هۆی کردەکانی خۆبردنەپێش:

جگە لە ڕێزگرتن، کە بۆ خۆبردنەپێش بەکاردێت، زۆربەی کردەکانی ڕەوشت، یان ئەو کردانەی ئەرکی کۆمەڵایەتییان هەیە و بە مەبەستی خۆبردنەپێش ئەنجامدەدرێن، دەتوانن کاریگەریی ئەرێنی بە ئاراستەی هاوسۆزبوون، ڕازیبوون و هاوڕابوون لەگەڵ نێرەردا، لە دەروونی

وەرگردا دروستبکەن. ئەم کردانەش دەبنە پاڵنەری ڕازیبوون، چونکە ئێمە لەم جۆرە کردانەدا چاکە و خۆشەویستی پێشکەشی وەرگر دەکەین. بۆ ئەوەی بتوانین ئەوانی تر ڕازیبکەین، پێویستمان بە بنیادنانی پەیوەندییەکی باش و تایبەت هەیە(لیلی شحرور، 2009، ص121). بۆ نموونە پیاهەڵدان/ نرخاندنی کەسی بەرامبەر، بۆ مەبەستی ڕازیکردن، بەو شێوەیە دەبێت، کە نێرەر بە مەبەستی خۆبرنەپێش بەشێوەی ئەرێنی وەرگر دەنرخێنێت. نێرەر ستایشی وەرگر دەکات، ئەمەش کاریگەری دەبێت لە سەر ڕازیکردن. ستایش نواندنی ڕێزە و هۆکارێکە بۆ ڕازیکردن(هەمان سەرچاوە، ل66). (لیچ) ستایشی وەرگر بە بنەمای چاکەکردن(Apprabation Maxim) ناودەبات، کە یەکێکە لە بنەماکانی ڕێزگرتن و پاراستنی ئاوی ڕوو (Leech, 1983, p136). پیاهەڵدان دەبێتە چاکەیەك بەسەر وەرگرەوە و پاڵنەرێکە بۆ ڕازیبوون، وەرگر دەخاتە هەڵوێستێکەوە، کە ڕەتکردنەوەی داواکارییەکە، دەبێتە شکاندنی ڕووی نێرەر، ئەمەش هیچ کات بەشداربووانی ئاخاوتن حەزی پێ ناکەن. بەگشتی (ستایشکردن) بۆ مەبەستی ڕازیکردنی بەرامبەر دەبێتە (ماستاو- مەراییکردن). بۆ نموونە:

- تۆ کەسێکی ئازای، دەتوانیت لەم کارەدا هاوکاریم بکەیت؟ (ستایشکردن و داواکاری)
- تۆ قوتابییەکی زیرەکی، کارەکانت بەجوانی بکە. (ستایشکردن و داواکاری)

خ. کردەی پەیماندان، بەڵێندان:

ئەم کردانە بریتین لە گرێبەستێکی زارەکی یان نوسراو، کە نێرەر خۆی پابەندەکات بە ئەنجامدان/ ئەنجامنەدانی کارێك لە ئێستا و داهاتوودا. ناوەرۆکی بەڵێنەکە لە بەرژەوەندی وەرگرە، بۆیە ناچار بە ڕازیکردنی دەکات. بەمە کردەکە دەبێتە بەخشینی شتێك لە پێناوی بەدەستهێنانی شتێکی تردا. (ئاڵوگۆڕ)یش یەکێکە لە یاسا گشتییەکانی ڕازیکردن، چونکە سروشتی مرۆڤ وایە، کاتێك کەسێك شتێکت پێشکەش دەکات، کە نرخێکی هەبێت، ڕاستەوخۆ تۆش ئارەزووی ئەوە دەکەیت کە شتێکی پێشکەش بکەیت(لیلی شحرور، 2009، ص43). دەربڕینەکانی (پەیمانبێ، پەیمانت پێ دەدەم، بەڵێندەدەن، بەڵێنبێ ...هتد) بۆ ئەم کردانە بەکاردێن. وەك:

- بەڵێن دەدەم، پارەی کەس ناخۆم.
- بەڵێنبێ، تۆڵەت بۆ بکەمەوە، تەنیا تۆ هیچ مەکە.
- پەیماندەدەم، ئەگەر لەم هەڵبژاندنە دەرچووم، خزمەتی ئەم شارە بکەم.

دەکرێت (ڕستە لە ئاستی ژێرەوە (پەیماندان)بێت، بەڵام لە ئاستی سەرەوە ئەو دەربڕینانەی لەگەڵ نەبێت)(بڕوانە: قەیس کاکل، 1995، ل87- 88)، بۆیە بەڵێندان بە دوو شێوە دەکرێت:

أ- بەڵێندانی ڕاستەوخۆ: واتە نێرەر دەستەواژەکانی (بەڵێن دەدەم، بەڵێنبێ، پەیماندەم ...هتد) بەکاربهێنێت.

ب- بەڵێندانی ناڕاستەوخۆ: واتە نێرەر لە ئاستی سەرەوە ئەو دەستەواژانە بەکارنەهێنێت، بەڵام لە ئاستی ژێرەوە ئەو مەبەستەی هەبێت، بۆ نموونە هەندێك جار ڕستەی هەواڵدان بەشێوەی شاراوە کردەی پەیماندان ڕادەپەڕێنێت.

لە ڕۆنانی ژێرەوەیدا (من پەیماندەدەم، من بەڵێندەدەم ...هتد) هەیە(قەیس کاکل، 1995، ل87- 88). وەك:

- خزمەتی ئەم شارە دەکەین(ئاستی سەرەوە) = بەڵێندەدەین خزمەتی ئەم شارە بکەین(ئاستی ژێرەوە).

سێیەم: مەیلگۆڕینی عەقڵانی:

پشت بە دواندنی عەقڵی وەرگر دەبەستێت، ئارگۆمێنت و بەڵگەی لۆجیکی پێشکەشدەکات. دوای گفتوگۆ و دەرخستنی لایەنە جیاوازەکانی، بیرورا دژەکان دەرەوێنێتەوە. زانیاری نوێ و واقعی و، ژمارە و ئامار پێشکەشدەکات(مرزوق عبدالحکم، 2017، ص394). هەر بەم جۆرە لە ناو یاسا دروونییەکانی ڕازیکردندا لە (ڕاکێشانی لۆجیکی و ڕاکێشانی هۆشەکی)دا پشت بە دواندنی عەقڵ و خستنەڕووی داتا و بەڵگە دەبەسترێت(عەبدولواحید موشیر ، 2015، ل148). بەم پێیە هێنانەوەی بەڵگەی لۆجیکی و زانیاری و ئامار و داتا لە پێناوی باوەڕپێهێنانی وەرگر لە چوارچێوەی (ڕستە/کردەی هەواڵدان)دا بەر ئەم جۆرەی مەیلگۆڕین دەکەوێت. ئەرکی هەواڵگەیاندن، ئەرکێکی سەرەکیی زمانە و بەکارهێنانی زۆرە. لەم جۆرە کردەیەدا نێرەر دەیەوێت بوون و نەبوون یان ڕاستی و ناڕاستیی دیاردەکان پیشانبدات. ئەم جۆرە ڕستانە لەو جۆرانەن، کە ڕاستییەك دەسەلمێنن یان بەدرۆیدەخنەوە. ڕەنگە ناوەرۆکەکەشی ڕاستبێت یان هەڵە(محەمەد مەعروف، 2011، ل31- 32). بەڵام هەرچۆنێکبێت، نێرەر دەتوانێت وەکو ڕێگای دەستبەرداگرتنی بیری وەرگر و لەپاڵ کردە و مەبەستی تردا بۆ ڕازیبوون بە ناوەرۆکی ئەو کردە و مەبەستانە، بەکاریبهێنێت. وەك ئەمانەی خوارەوە:

- داعش ڕێکخراوێکی مەترسیدارە، سالانە هەزاران کەس تیرۆردەکەن.

## ئەنجامەکان

1- مرۆڤ هەمیشە زمان بۆ خزمەتی بەرژەوەندییەکانی خۆی بەکاردێنێت و، ئامانجی بەگەڕخستنی زمان ئەوەیە بەهۆی کردەی قسەیی جیاوازەوە کاریگەری کردارەکی لە کەتوار(واقع)دا لە بەرژەوەندیی خۆی بخاتەوە.

2- مرۆڤ هەمیشە ئارەزووی سەپاندنی هەژموونی خۆی و، کۆنترۆڵکردنی بیر و ڕەفتارەکانی بەرامبەر دەکات. بۆ ئەم مەبەستەش زمان ڕۆڵێکی کارا دەگێڕێت. بە تایبەتی بەهۆی ئەو تەکنیك و شێواز و گەمە زمانییانەی بە مەبەستی ڕازیکردنی بەرامبەر لە کاتی قسەکردندا بەکاردەهێنرێن.

3- هەندێك لە زمانەوانان (ڕازیکردن) بە کردەیەکی قسەیی دادەنێن، هەندێکیش بە بەرئەنجامی کردەی قسەیی جیاوازی دادەنێن.

4- مەیلگۆڕین(کاپیتیشن) میکانیزمێکی ئارگۆمێنتییە، بە مەبەستی ڕازیکردنی بەرامبەر، پشت بە جوڵاندنی هەست و سۆز دەبەستێت. کۆمەڵێك کردەی قسەیی دەتوانن ئەو کاریگەرییە لەسەر هەست و سۆز دروستبکەن و پاشکاری (ڕازیبوون) بخەنەوە، وەك (ترساندن، هەڕەشەکردن، هەستوروژاندن، گلەیی و نارەزایی، بەراوردکردن، سوێندخواردن، جەختکردنەوە، پەیماندان).

5- (ڕێزگرتن) و (خۆبردنەپێش)، کە بەهۆی کردەی قسەیی جیاوازەوە دەنوێنرێن، کاریگەریی ئەرێنییان هەیە لەسەر ڕازیکردنی بەرامبەر، چونکە دەبنە هۆی جوڵاندنی هەست و سۆزی بەرامبەر.

پەراوێزەکان:

1- ئەم توێژینەوەیە بەشێکی وەرگیراوە (مستل) لە تێزی دکتۆرا.
2- ئامانج لەم جۆرە کردانە دروستکردنی دڵنیایی و کاریگەریی ناوەکی و دەروونییە، نەك کاردانەوەی کرداریی ڕاستەوخۆ. بەڵام لە هەنگاوی دووەمدا، واتە دوای کارکردنەسەر بیروڕای وەرگر ڕەنگە ببنە هۆی کاردانەوەی کرداری.
3- زاراوەی (ڕوونکردنەوە) و (پەیماندان-جۆری سێیەمی کردەکان) لەلایەن د.عەبدولواحید موشیر دزەیی بەکارهاتووە. بڕوانە: عبدولواحید موشیر-ب، 2014، ل84).
4- زاراوەکانی (ڕوونکردنەوە، مەبەست، پاشکار) لەلایەن د.عەبدولواحید موشیر دزەیی بەکارهاتوون. بڕوانە: (عەبدولواحید موشیر-ب، 2014، ل83).
5- دیالێکتیك(الجدلية): زاراوەیەکە بۆ وەسفکردنی ڕێگای گفتوگۆی فەلسەفی بەکاردێت، کە چەند کردەیەکی پێچەوانە لە نێوان تێڕوانینی پێچەوانەدا دەگرێتەوە. ڕێگای تایبەتی شیکردنەوە و ڕوونکردنەوە و تێگەیشتنی بیرۆکەیە لە نێوان تێڕوانینە جیاوازەکاندا هەموو ڕووەکانەوە. سەرەتای فەلسەفەی دیالێکتیك بۆ ئەفلاتون و ئەرستۆ دەگەڕێتەوە(وائل سليمان، 2019، ؟). دواتر ئەم فەلسەفەیە لە لایەن کەسانی وەکو (هیگل) و (کارل مارکس) و کەسانی تر پەرەی پێدراوە و چەندین ڕێباز و فەلسەفەی تری لە سەر بنیادنراوە، بۆ نموونە تێڕوانینی مارکسی-لینینی ماتریالی دیالێکتیکییە.
6- بەزەیی و ڕق دوو بنەمان لەم جۆرەی مەیلگۆڕیندا پشتیان پێ دەبەسترێت، بڕوانە: (بەهار زایەر، 2021، ل115-117).

## سەرچاوەکان


یەکەم: بە زمانی کوردی

أ- کتێب:

1- ئارام عەبدولواحید حەمەڕەش(2013)، ڕێزگرتن لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی لەریا، سلێمانی.
2- ئاڤێستا کەمال مەحمود(2009)، پراگماتیکی ڕستەی پرسیار و فەرمان لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.
3- ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا(2011)، لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
4- تاڵیب حوسێن عەلی (2014)، هەندێك لایەن لە پەیوەندیی نێوان ڕستە و واتادا، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
5- حسێن یەعقوبی(2007)، زمان – وەرگێران و پەیوەندی کلتووری، و: ئیسماعیل زارعی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس،هەولێر.
6- حەمید ساڵح محمەد(2017)، جەختکردن و شێوازەکانی لە زمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.
7- عەبدوڵلا حوسێن ڕەسول(2006)، پوختەیەکی وردی ڕستەسازی کوردی، چاپی دووەم، کتێبفرۆشی سۆران، هەولێر.
8- عەبدولواحید موشیر دزەیی (2014)، پراگماتیکی دەق و گوتار، چاپی یەکەم، هەولێر.
9- عەبدولواحید موشیر دزەیی (2005)، ڕەهەندی دەروونی لە بواری ڕاگەیاندندا، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.
10-عەبدولواحید موشیر دزەیی(2010)، واتاسازی وشە و ڕستە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
11-عەبدولواحید موشیر دزەیی(2015)، زمان و کەسایەتی، چاپی یەکەم، ناوەندی ئاوێر، هەولێر.
12-عەزیز گەردی(1972)، ڕەونبێژی لە ئەدەبی کوردیدا، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی (الجاحظ).
13-محەمەدە ڕەزا باتنی(2012)، چەند بابەتێکی زمانەوانی نوێ، و: هێرش کەریم، چاپی یەکەم، چاپخانەی کەنج، سلێمانی.
14-محەمەد مەعروف فەتاح(2010)، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
15-محەمەد مەعروف فەتاح(2011)، زمانەوانی، چاپی سێیەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
16-نەجوا خەباز(2016)، چۆن دەست بەسەر بیری خەڵکیدا دەگریت، و.مەشخەڵ کەوڵۆسی، چاپی دووەم، چاپەمەنی گەنج، سلێمانی.
17-نەزیرە سابیر مستەفا(2021)، پراگماتیك و شێوازگەری، چاپی یەکەم، ناوەندی ئاوێر.
18-هیوا جەلال(2020)، سەرەتایەك بۆ فەلسەفەی زمان، چاپی یەکەم، ناوەندی ڕێنوێن، سلێمانی.
19-وێل دۆرانت(؟)، بەسەرهاتی فەلسەفە(سوقرات، ئەفلاتوون، ئەرستۆ)، و: عوسمان ئەحمەد، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.
20-یوسف کەرەم(2017)، مێژووی فەلسەفەی نوێ، و:عومەر عەلی غەفور، چاپخانەی تاران، سلێمانی.

ب- نامەی ئەکادیمی:

21-بەهار زایەر محەمەد(2021)، میکانیزمەکانی ئارگۆمێنت لە داڕشتنی هەواڵدا(ڕاگەیاندنی بینراو و ئەلیکترۆنی) بە نموونە، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی.
22-قەیس کاکل توفیق(1995)، جۆرەکانی ڕستە و تیۆری کردە قسەییەکان، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی ئاداب.
23-هێمن عەبدولحەمید شەمس(2006)، شێواز و دەربڕین لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکاندا، نامەی ماستەر، زانکۆی کۆیە، کۆلێژی پەروەردە.

پ- گۆڤار:

1. هیوا ئەحمەد عەساف (2013)، بەرژەوەندیی مرۆڤ و دروستبوونی زار، گۆڤاری زانکۆی کۆیە (زانستە مرۆڤایەتییەکان)، ژمارە (27).

دووەم: بە زمانی عەرەبی:

أ- کتێب:

1- اوستين(1991)، نظرية أفعال الكلام العامة، ترجمة: عبالقادر قينيني، أفريقيا الشرق.
2- باديس لهويمل(2014)، مظاهر التداولية في مفتاح العلوم للسكاكي، الطبعة الاولى، عالم الكتب الحديث، الاردن.
3- جميل حمداوي(2015)، التداوليات وتحليل الخطاب، الطبعة الاولى.
4- چون ديوي(1963)، الطبيعة البشرية و السلوك الانساني، ت: محمد ليبب الخجيجي(د)، مؤسسة الخانجي، القاهرة.
5- ديفيد كريستال(2006)، موت اللغة، ت: فهد بن مسعد اللهيبي، جامعة تبوك، السعودية.
6- شدوان علي شيبة(2005)، الاعلان (المدخل والنظرية)، دار المعرفة الجامعية، الاسكندرية، مصر.
7- عبدالهادي بن ظافر الشهري(2004)، استراتيجيات الخطاب- مقاربة لغوية تداولية، دار الكتاب الجديد المتحدة، الطبعة الاولى، بنغازي، ليبيا.
8- ليلى شحرور(2009)، فن التواصل والاقناع- دليلك الى النجاح في العمل والمجتمع، الطبعة الاولى، دار العربية للعلوم الناشرون، بيروت.
9- محمد العمري(2002)، في بلاغة الخطاب الاقناعي- مدخل نظري وتطبيقي لخطابة العربية الخطابة في قرن الاول نموذجا، الطبعة الثانية, افريقيا الشرق، المغرب.
10- محمد حسن عبدالعزيز(1990)، مدخل الى علم اللغة، دار الفكر العربي، القاهرة.
11- محمد مفتاح(1989)، في سيمياء الشعر القديم- دراسة نظرية وتطبيقية، الطبعة الاولى، دار الثقافة للنشر والتوزيع، المغرب.
12- محمود أحمد نحلة(2001)، علم اللغة النظامي- مدخل الى النظرية اللغوية عند هاليداي، الطبعة الثانية، ملتقى الفكر، الاسكندرية.
13- محمود احمد نحلة(2002)، افاق جديدة في البحث اللغوي المعاصر، الطبعة الثانية، دار المعرفة الجامعية، مصر، الاسكندرية.
14- محمود عكاشة(2013)، النظرية البراجماتية اللسانية(التداولية)، طبعة الاولى، مكتبة الاداب، القاهرة.
15- مسعود صحراوي(2005)، التداولية عند علماء العرب- دراسة تداولية لظاهرة الافعال الكلامية في التراث اللساني العربي، الطبعة الاولى، دار الطليعة، بيروت.
16- هادي نهر لعيبي(2009)، االسانيات الاجتماعية عند العرب، اربد، الاردن.

ب- نامەی ئەکادیمی:

1- امنةلعور(2011)، الافعال الكلامية في سورة الكهف- دراسة تداولية، رسالة ماجستير، جامعة منتوري قسنطية، الجزائر.
2- بوصلاح فايزة(2010)، الاقناع في قصة ابراهيم عليه السلام- مقاربة تداولية، رسالة الماجستير، جامعة وهران، الجزائر.
3- جمال شلباب(2016)، استراتيجية الاقناع في الخطاب القراني السور المكية انموذجا، رسالة ماجستير، جامعة محمد بوضياف- المسيلة، الجزائر.

پ- گۆڤار:

1- بلقاسم دفة(2014)، استراتيجية الخطاب الحجاجي، مجلة المخبر، العدد العاشر، جامعة بسكرة، الجزائر.
2- مرزوق عبدالحكم العادلي(2017)، الاستمالات الاقناعية المستخدمة في الاعلان التلفزيوني التجاري واتجاهات الجمهور نحوها، المجلة العلمية (العلاقات العامة والاعلان)، الجلد (2017)، العدد (10)، جامعة القاهرة.

ت- سایتە ئەلیکترۆنییەکان:

1- بينات(2021)، تعريف اليمين وصيغته وأقسامه. الرابط: http://arabic.bayynat.org/HtmlSecondary.aspx?id=11910 ‎2021-8-27.
2- وائل سليمان(2019)، ما هو الديالكتيك، الرابط: https://www.arageek.com/l/%D9%85%D8%A7-%D9%87%D9%88-%D8%A7%D9%84%D8%AF%D9%8A%D8%A7%D9%84%D9%83%D8%AA%D9%8A%D9%83 ‎2022-5-30.

بەزمانی ئینگلیزی:

1. Burton & Bodenhamer, John Burton EdD & Bob G.Boderhamer Dmin(2000), HYPNOTIC LANGUAGE, First published, Crown House publishing Limited, Uk.
2. DEWEY, JOHN(1910), HOW WE THINK, D.C.HEATH & CO. PUBLISHERS BOSTON, NEW YORK, CHICAGO.
3. Jibreen ,Mayasa׳a Kadhim Huessein & Al-Janabi, Hiba Hamid Hamza(2018), The Relationship between Persuasion and Speech Act Theory, Journal of Al-qadisiya in arts and educational sciences, Published by Al-Qadisiyah University- Iraq: https://www.researchgate.net/publication/335964911_The_Relationship_between_Persuasion_and_Speech_Act_Theory#:~:text=Within%20the%20domain%20of%20speech,effect%20of%20the%20whole%20situation.
4. SEARLE, J.R(1971), THE PHILOSOPHY OF LANGUGE, OXFORD UNIVERSITY PRESS.
5. Walton, D. (2007), The Speech Act of Persuasion In Media Argumentation, Dialectic, Persuasion and Rhetoric, Cambridge, Cambridge University Press.